بەشی دووەم لە چاوپێکەوتنی دەنگەکان لەگەڵ عەدنان کەریم یەکێک لەڕابەرانی پێشووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کوردستانی عێراق

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنە کلیکی ئێرە بکەن ....

دەنگەکان: یەکێک لە ئیشکالیەتە دێرینەکانی فکری سیاسی مەسەلەی دیموکراسیە.
سەرتاپای سەدەی بیست قەناغێکی پڕ لە ململانێ بوو بۆ کۆمۆنیزم کە تیایدا هەوڵێکی هەمەلایەنەی دا ئاوا بسەپێنرێت کە دیموکراسی، لەناوبچێت، سەرخانێکی سیاسیە بۆ دەسەڵاتداریەتیی چینی سەرمایەداری و ئاوا کۆمۆنیزمە کە لەڕێی بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیەوە " دیموکراسیی "استقینە " دابیت ئەکات.
بەکورتی پەیوەندیی پڕ لە ئیشکالیەتی کۆمۆنیزم و دیموکراسی چۆن هەڵئەسەنگێنیت؟

عەدنان کەریم :

ئیشکالیەتی کۆمۆنیزم و دیموکراسی، پەیوەندیەکی پڕ لە گرێ و فرێ هەیە کە من هەوڵ ئەدەم چەند لایەنی گرنگیان ، بەڵام خێرا ، باس بکەم. بۆ ئەو مەبەستەش، وەکوو هەمیشە ، ناچارم جارو بار ئاوڕ لە فکری کۆمۆنیزم واتە مارکسیەت وهێروهها پراتیک و مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بدەمەوە بە شایەدیی قسەکانم.
کۆشێکی میتەدۆلۆجیی مارکسیەت ئاوایە کە وا نیشان ئەدا کۆمۆنیستەکان لەیی تیرێکیانەوە خاوەنی دواین ڕا و دروستترین ڕوانگە و ڕاستترین بڕچوون لەسەر سەرجەم کێشە و ئیشکالیەتە سیاسی و فکریەکانی کۆمەڵگای مەدرینن و سەبارەت بە دیموکراسیش تووشی هەمان دەرد بوون.
باسەرتا پرسیاری ئاوە بکەین کە : ئایا دیموکراسی کون و کەلەبەری نیە ؟ ڕەخنە هەڵناگرێت ؟ توانیویەتی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگای مودرین

بەرەو چارەسەر بەرێت یا تووندوتیژتری کردوونەتەوە؟ و چەندین پرسیاری تر .
من لەوەدا ، بەکورتی تەنها ئەوە ئەڵێم کە دیموکراسی تا ئێم ساتەوەختەش نەیتوانیوە کێشەکانی کەمەڵگای مەدرین چارەسەر بکات بەڵکە قووترینانی کردۆتەوە و بەئاراستەیەکی نادیار و تەم و مژاویدا بردووەتی. بەیە ڕەخنە گرتن لە دیموکراسی لەووی تیۆریەوە مەیدانەکی بەردەوام و درێژکراوی فکری سیاسیە. بیری سیاسیی هاوچەرخیش پێویستی بە دەستوپێنجە نەرمکردنی هەمیشەیە لەگەڵ ئیشکالیەتەکانی دیموکراسیدا. بەڵام گەر مەسەلەکە بە پێوەند بە بیروباوەڕی مارکسیەوە بێراوورد بکەین ئەگەین بەو ئەنجامەی کە مارکسیەت نەک تەجاوزی ئیشکالیەتەکانی دیموکراسیی نەکرد و گرێکوێرەکانی نەکردەوە ، نەک نموونەی ئەلتەرناتیڤەکی باشاتری لە دیموکراسی بەرهەم نەهێنا ، نەک تەزەکی مونسەجیم و مەحکەمی لەو بوارەدا دانەشت ، و ..... تاد، بەڵکوو لەڵێی تەماری پێ لە ئیستیبدادی سۆسیالیزمەوە ، هەموو بۆشایەتی مەدرینی کرد بە مەگەلەک و ناچاری کردن بەهەموو ستەم و بەدیەکانی سیستەمی سەرمایەداری ڕازی بن لە ترسی بوونی سیستەمەکی تەتالیتاری سۆسیالیستیی لەو خراپترەوە.
جگە لەوەش ، بەهەی هەڵچوون و داچوونە گەورە و گرانەکانی سەدەی بیستەمەوە، و بەتایبەتیش بەهەی شکست و ووردوخاشبوونی سۆسیالیزمەوە ، بەهەموو فەرزنەکانیەوە، تا ئێستای سەدەی بیستویەک ، بەمانایەک ، بریتیە لە سەردەمی ئارایشدانەوەی دونیا لەژێر پەرچەمی خراپترین تەندەکانی دیموکراسی و مەیداندار بوون و هەیمەنەی هەوتە دیموکراسیە ڕاستەو و کۆنسەرڤاتیڤەکان.

لەووی تیۆریەوە ئیشکالیەتی گەورە لەوەوە دەست پێئەکات کە :
یەکەم: سەردەمی حیکایەتە مەزنەکان (السردیات التاریخیة الکبری Grand Narratives) بەسەرچوو. ئەم بارودۆخە نوێیە تەداعیاتی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا کە گرنگترینیان تێشکانی ئەو هەیمەنەیە بوو کە مارکسیەت وەکوو مەرجەعی جەمتمانەی فکر و کێشە تیۆریەکان سەیر بکرێت.
دووەم: هەوتە کۆنسەرڤاتیڤ و ڕاست بوون بە سووکان بەدەستی دیموکراسی لە هەژاوا.

سیێەم : بەتایبەتی بەڵبەرچاوگرتنی خاڵی یەکەم ، فکری سیاسی و مرۆڤایەتی بە گشتی نەیتوانیوە تەجاوزی قۆناغی هەیمەنەی دیموکراسی بکات و دەستی بگات بە سیغەیەکی باشاتر بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی

ناکۆکیکانی سۆسیالیزمی پێشوو گیرسانەوەی لەدوا متافدا وەکوو دەوتەکی تۆتالیتار و سوتەوی کە ووی خراپترین دەسەلاتە دیموکراتیکانیشی سپی کرد. لێرەوە تا ئێستا ئەوە بەچەسپاوی ماوەتەوە کە دیموکراسی بەڵایەکی ناچاریە (اسوأ الشرین) بە دەسەلاتدارەتی و خەلک لەگەڵ دەسەلاتدا پەیماننامەیەکی مژووویی ئیمزانکراویان بەستووە بە قبووکردنی ئەو هەیمەنەیە. بەشەریەتی مەدرین عەقڵی بە کەموکوڕیەکان و تڕەندە خراپەکانی دیموکراسی هاوچەرخ ئێشکە و ئەزانێت بەناوی ئەوەوە چیی بەسەرهاتووە و چیی لەدەستداوە.

سەرجەلە و فایلی کەمۆنیزم لەبواری دیموکراسیدا پڕە لە ناکۆکی و پێشێلکاری و تەمومژ کە یارمەتیدەر بوون و بوون بەماماناک بە لەدایکبوونی قۆناغی هەیمەنەی دیموکراسی بە ڤێرژینە ئیستەوانکییەوە. کەمۆنیزم لەوبارەوە مەسئولیەتی زۆری لەئەستێیە. مارکسیەت لێک و ئاشکرا دژایەتی خۆی ئاگیاندوە لەبەرانبەر پلۆرالیزم ، دەستاودەستکردنی دەسەلات ، جیاکردنەوەی دەسەلاتکان لەیەکتری و سەربەخۆیان ، میدیای ئازاد، مافە بنەڕەتیە سیاسی و فکریەکان وەکوو مافی دامەزراندنی لێکخراوی سیاسی و پیشەیی ، مافی لێخنەکردنی دەسەلات و گۆڕینی هەرکات زەربەی خەڵک خوازیاربوون، و ..... لەبەرەبەیانی شەشی ئۆکتەبەرەوە هەموو ئەو مافانە قەدەغەکران.

مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە هەر کامەیان بەتاک بگرێت خاوەنی نفوزی جەماوەری زیاتربوون لە بەلشەفیکان لەکەمەگەی ڕووسیای ئۆکتۆبەر و گەر دەنگدانەکی ئازادانە سازبکرایە پێکەوە زەربەی لێهەشانا ، بەناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە سەرکوتکران و چالاکیان بەتاوای قەدەغەکرا. تەنانەت لە یەکەمین کۆنگرەی شووراکاندا کە لە نیسان شەشی شوبات و ئۆکتۆبەردا، لە تەموز دەبەسترێت، ئەو ٢ لایەنە زەربەی زۆری دەنگەکانی نوێنەرانی شووراکان بەدەست دەنن.
حیزبی بەلشەفی نێک دیموکراسی لە ئاستی گشتی کەملدا قەدەغە ئەکا و لە گەڵی ئەنێت و لەژێر ناوی دیکتاتۆریکی دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەیمەنەی تۆتالیتاریانە و دیکتاتۆریی حیزبی بەلشەفی بەسەر سەرجەم ووڵاتدا ئەسەپێنێ ، بەکوو بە لێسمیەتدان بە هەیمەنەی ڕابەریی حیزب ، ساڵی ١٩١٨ وڵە کۆنگرەی دەیەمی حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەفیدا ، بە پەی پێشنیارەکی لینین ، مافی پێکهێنانی فراکسیۆن نێک لەناو حیزبدا بەکوو لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیشدا یاساغ و قەدەغە ئەکات. ئەو حیزب بوو کە لە

گۆنگرەکانیدا بەیاری ئەدا لەسەر هەموو مەسەلەکانی ووڵات و دواتر بەناوی شوواکانەوە تیئۆپەنرا و ئەکرا بە بیار. ئیتر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا جگە لە دیکتاتۆریکی بیناوەک و درێکی مژووویی هیچی تری تیا نامێنێت.
لەرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە تەوانینکی پزتیف بخەموو سەبارەت بە تۆزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و بەهیچ شێوەیک ئاشتی بکەموە لەگەڵ دیموکراسیدا ، بەکوو کرکی قسەکەم ئەوێیە کە بەم حیزبی بەلشەفی تەنانەت پێیەوی لەو تۆزی خشی (دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا) ناکات ودیکتاتۆریەت ودەسەڵاتدارەتیی ئاستوخێی حیزب و مەکتەبی سیاسی ئەکات بە تەنها بیاردەر و خاوەن دەسەڵات لە کایە هەرە گەورەکانی کەمەگەوە تا بچووکترینیان. ئەو مەکتەب سیاسی بوو کە چاودێریی ئاستوخێی بوارەکانی ئەدەب و هونەر و سینەما و شانۆ و قوتابخانە و دەکخراوە پیشێیەکانی ئەکرد و بەناوی یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و قوتابیان و لاوان و ژنانەوە دەیان دەکخراوی بنیات ئەنا کە مەرجەعی هەموویان تەنها و تەنها حیزب بوو نەک هیچ ئەرگانێکی هەبژێردراوی تر یا چارەنووسی ڕەوت و گۆشەی ئەو بزووتنەوانە و دەکخراوەکانی بەجبهەدرەت بە فەنکشینی سەربەخۆ و تەفاعولاتی خۆدی خیان.
گەر لە ئاستێکی تریەوە تەماری کەمەنیزم و دیموکراتی چاو لەبکەین باشترین بەگەنامە بەرنامەی حیزبی بەلشەفیە کە تا ئێم ساتەوەختەش مەرجەعێکی پیرۆز و بەجیدالە لە ناو کەمەنیستەکانی سەرجەم دنیادا. دەسەڵاتدارەتیی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای حکوومەتی شووڕایی دامەزراوە. بەندی ئەسەیی بەرنامەی بەلشەفی کەسەرلەوحێی گشت بەرنامە کەمەنیستیەکانە ئەڵێت : (شووڕاکان هەر خیان هەم دەسەڵاتی یاسادانان وهەم دەسەڵاتی جبەجێکردنیان هەیە – تتمتع المجالس بحق ممارسة كلا السلطتين التشريعية و التنفيذية) .

ئەوەی سەرەوە تۆزی جەوهەریی ماركسیەت و کەمەنیزمە سەبارەت بە ماهیەتی دەسەڵاتی سیاسی. دژایەتیی ئەو بەرنامەیە لەگەڵ پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسی و ئازادیدا لەوە بەپەردەترە کە هیچی لەسەر بڵێین. ئیتر لەرەوە ناکۆکیی سەرجەم ئەو تۆز و باوەڕانە ئاشکرا ئەبێت کە ئەیانەوێ ئەومان دەرخوارد بدەن گوایە ستالینیەت پەتایەکی نامۆیە بە کەمەنیزم و لادانە لە ئەسڵی ئازادیخوازیی سۆسیالیستی. ئەوەی لە چین و ڕووسیا و بلۆکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڤێتنام و کوبا و هەموو نموونەکانی تری سۆسیالیزمدا پیادەکرا و بەرهەمهات لە بواری دەسەڵاتی سیاسیدا تەرجەمەکردنی حەرفی و دەقاودەقی ئەو تۆزە جەوهەریەی ماركسیەت سەبارەت بە دەسەڵاتی

سیاسیی سۆسیالیستی و هیچیان بە مووڵو ئاستە سیاسیە لایان نەداوە. ئەو مەبەستانەت دواتر دەبێت بە سەرمەشق و نموونەیەک بۆ پیادەکردنی دیکتاتۆریەت لە زۆر وڵاتی تری جیهانی سێیەمدا لە ئاسیا و ئافریقیا و ئەمریکای لاتین کە کەم تا زۆر خۆیان بەهاوپەیمانی ئەم یا ئەو دەوڵەت یا بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی ناساند وەکوو ژەمەکانی عێراق و سوریا و ئاسیوبیا ولیبیا و جەزائیر وئەنگۆلا و ...تاد.
یەکێک لەو تێزە باوانەی کە کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق ساڵەهای ساڵە لە باس و پلمیکەکانی خۆیاندا ئەیانجوێنەوە ئەوە بوو کە بوونی دوو حیزب یا زیاتر خراوی کۆمۆنیست لە وڵاتێکدا ناکۆکیەکە و تەنها ئەبە یەکێکیان هەڵگری سیفەتی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم بن. ئەوە بە کۆمۆنیستەکان سەختە کە بوونی دوو حیزبی کۆمۆنیست قبووڵ بکەن و دان بە بوونی یەکتردا بنێن و بتوانن پێکەوە هەڵبکەن. زۆربەی بزووتنەوە سیاسیەکانی تری وەکوو ناسیونالیزم یا ئایینی لیبرال و تەنانەت ئایینی ئیسلامیەکانیش بە قازانجی ئامانجە سیاسیە دوور و هاوبەشەکانیان ئەوە هەزم ئەکەن و ڕادەبن لەگەڵ بوونی چەندین حیزب لەبەستەر و هەناوی یەک بزووتنەوەدا و تەنانەت بە ئامانجی تاکتیکی و سیاسیی قۆناغێک ئامادەی هاوپەیمانی و دەستایەتیی حیزبی هاوچەشنی خۆیان، بەڵام نموونەی پێکەوە هەڵکردن و تەبایی ، چ جای کاری هاوبەش و هاوپەیمانی لە نێوان حیزبە کۆمۆنیستەکانی یەک وڵاتدا ، زۆر دەگمەنە.

لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا چ ئێستا یا لە مێژووی دوورتریاندا ، چەندین حیزب و ئایکخراوی کۆمۆنیستی و مارکسی سەریان هەڵداوە لە یەک وڵاتدا . ئەو دیاردەیە بەتایبەتی پاش دابەشبوونەکانی ئیزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە لە نێوان سۆفیەت و چیندا واقعیەتێکی دیاربوو. هەر ئێستا لە ئێران ، تورکیا ، عێراق ، وولاتانی ئەمریکای لاتینی ، لەهەر وڵاتێکدا چەندین و لە هەندێکیاندا دەیان ئایکخراو و حیزبی کۆمۆنیست و سۆسیالیست هەن کە بە یەک یامانج یا ئامانجی نزیک لەیەک تێئەکۆشن . ئەوان دەرگیری خەباتێکی سەختن لەگەڵ ژیمە سەرکوتگەرەکان و " ئیمپریالیزم " و کۆنەپەرستیدا. زۆربەی خاڵ و بەش و بەندەکانی بەرنامەکانیان لەیەک ئاچن یا نزیکن لەیەکەوە یا جیاوازیەکی ئەوتۆیان هەیە. بەڵام لە هیچ وڵاتێکدا بەدگمەنیش نابینرێت کە ئەو هەزانە لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە بە درێژدان بە خەباتی هاوبەشیان لە بەرەیەک ، ئیئتیلافێک ، بلۆکێکی سۆسیالیستی ، پلاتفۆرمێکی هاوبەش و تەنانەت کاتی و مەرحەلیشدا و بە پاراستنی

جیاوازیەکانیانیشەوە ، بەکوو ئەستەم بتوانن پەیوەندیەکی تەندروستی سیاسی دەستانە لە نەوخەیاندا بنیات بنێن یا تەنانەت کەبوونەوەی هاوبەش و بیروڕاگەیەنەوەش لە نەوانیاندا هەبێ ، یا بتوانن بگەن بە هەکەوتن لەبواری بابەتی وەکوو ئازادیە سیاسیەکان ، یاسای کار ، یا تەنانەت یەک بابەتی وەکوو خەبات لە دژی ئیعدامدا و خەباتیان پەکەوە گرێ بدەن و نموونەیەکی بچووک لە گیانی پەکەوە ژیان و یەکتر قەبووڵکردن و قووڵبووونەوەی خەباتی هاوبەش و بەرژەوەندی سیاسی و چینایەتیی هاوبەش بەرهەم بهێنن.

ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کە دەیان و سەدان لاپەڕە هەشئەکەنەوە سەبارەت بە سەرکوتگەری ڕژیمە فاشی و دیکتاتۆریە ئیسلامی یا نەتەوەییەکان یا بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی جیهانی و شین و شەپۆلە ئۆگەن بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و پشێلکردنی سادەترین مافی هاووڵاتیان لە ووڵاتەکانیان، لەناو ڕیزەکانی خەیاندا ، لە کەشە ناوخەییەکانیاندا ، لە شەوازی بەهەڵوەبردنی پلمیک و ئیشکالیەتە سیاسی و فکریەکانی ناوخەی حیزب و بزووتنەوەکەیاندا، کەمترین پابەندی و پەیڕەوەی کردن لە دیموکراسی و ئازادی و بواری باس و هەخنە بە ئەندامان و بەتایبەتی بە کادیری هەخنەگر بە بیر و سیاسەت و تاکتیکەکانی خەیان ئەدەن.

لە مەژووی دوور و ئێستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، سەردەمی مارکس ، ئینتەرناسیونالی یەکەم ، ئینتەرناسیونالی دووەم و کەشە لۆگەڵ برینشتاین و کاوتسکی و بلیخانەف ، قەناغ و کەشکانی نەوان بەلشەفیزم و مەنشەفیزم، کەشە خوێناویەکانی نەوان باهەکان کۆمۆنیزم لە بیستەکان سەدەی پێشوو لە سۆڤیەت و قەسابخانەکانی ستالین لە سیبەکاندا کە زەربەی زەری قوربانیەکانی نەک سەرمایەداران بەکوو ئابڕانی کۆمۆنیستی وەکوو ئادیک و زینۆفیف و بخارین و بریوبراجینسکی وترۆتسکی بوون ، لەشێستەکانی عێراق و لە سەروبەندی تەقینەوەی کەشکانی لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقدا ، لە کەشکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەردەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئێستگا بەردەوامەکانی تا ئێستای لە ڕیزی حیکمەتیستەکان و …تاد ، ئەوەی غایب بووە تەنها باسی ئازادانەی فکری و پلمیکی هەشن و شەفافی سیاسی و شەوازی دیموکراتیکی بەینەوە و میکانیزمی مودرین و باڵای ئینسانی وەفەزای ئازادانەی ئیختیاری سیاسی بوو. هیچیەک لەو کەشمەکەشە و جیابوونەوانە کە تۆمەنیان هەک هەندەی تۆمەنی مارکسیەت و لۆگۆ ئەویشدا هەر تۆمەندرێژ ئەبن ، لە فەزای هاوبیانە ولەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ئەو بزووتنەوە

کرێکاریی کە هەر یەکێیان بەتەنیا خۆی بە نوێنەری بەئەملا و ئەولا و تاقانەی ئازانێت ، لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی سیاسیی چینایەتی ، لەخۆی زاتی و چاوخشاندنەوە بە هەڵە و کەمو کوێکانی خۆدا، لە بەرچاوگرتنی ئیحتیمالی یەک لەسەرسەدی گرتنەبەری شەواز و هەوەستی هەڵە لەلایەن خودی هەر لایەنەوە و پەویستی چاخشاندنەوە پیایندا، لە بەرچاوگرتنی سوودمەندبوونی نیارانی هاوبەشی بزوتنەوە و ڕەکخراوەکانیان و ... تاد ، و هیچیەک لەو پەورانە حسابێکی بە نەکراوە و تەنیا گیانسەختی و سووربوون لەسەر ڕەوابوونی ئەم لە بەرانبەر ئەوی تر و پێچەوانەکەی بووە بە مانهەجی پەیەوکراو. جگی تەماشانی قووڵ کە لەهەموو ئەو جیابوونەوانەی مێژووی بزووتنەوەی کەمانیستیدا ، هیچیەکیان دوای دیان ساڵیش بە یەکگرتنەوە و پێکهاتنەوە کۆتاییان نەهاتووە بەڵکوو ئینشیقاقی دواتر و دواتر ئەوانەی پێشتری لەبیربردۆتەوە. لە مێژووی هەموو ئینشیقاقەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا یەک نموونەش بەرچاو ناکەوێت کە دواتر هەردوو لایەنی جیاوەبوو بە پاراستنی جیاوازیەکانیانەوە ، و سەرباری پەداگرتن لەسەر ڕای هاوبەش یا چوونیەک لە بواری بەرنامە و تاکتیکدا، لە کارێکی هاوبەشی سیاسی یا بوارێکی خەباتی سیاسیی هەمان ووڵاتدا لەیەک نزیک ببنەوە.

ڕەگی هاوبەشی نەوان ئەو هەموو مێژووە لە بواری فکر و پراتیکدا یەک شتە: مارکسیزم و کەمانیزم ڕەوتێکە بە دەسەڵاتی ڕەها ودەسبەسەراگرتنی حیزبی کەمانیست بەسەر کەمەڵگەدا تێئەکەشێت وباقی بریق و باقە تیەری و سیاسیەکان سەبارەت بە چینی کرێکار ولەیشەدەرهەنانی ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی و دابینکردنی کەمەڵگای پە لە ئازادی و خۆشبەختی و هەموو نەعلەتکانی لە سەرمایەداری ڕەڵی شاردنەوەی ئەو ماهیەتە ستەمگەرانیە ئەگەڵن. ئەو دەسبەسەراگرتنە و ئیحتیوای کەمەڵگە لەلایەن حیزبەوە بەمەبەستی بەرجەستەکردنەوەی بەها و ئایدیا ئایدیاڵەکانی مارکسیزم و کردنی کەمەڵگە بە لابراتەری سەماندنی ڕاستیی مارکسیزم ، بەتەبیعەت ، ئەو بیروباوەڕە ئەخاتە خاڵی بەرانبەر و جیگەیەکی ناکۆک لەگەڵ بنەماکانی ئازادی و دیموکراسیدا. لەمارکسیزمدا شتێک شک نابەین بەناوی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە. دەسەڵات یەک جار و بەهەتا هەتایە ئەکەوێتە دەست حیزبی کەمانیستەوە و ئیتر کۆشەی دەسەڵاتی سیاسی بە یەکجاری ئەپچڕێتەوە. نیزامی سۆسیالیستی یانی نیزامی تاک حیزبی. ئیتر شوێنێک نامێنێتەوە بە ئەپۆزیسیۆن و چالاکیی سیاسیی تر جگە لە چالاکی و خەبەرجەستەکردن لە چوارچێوەی حیزبدا وەکوو تەنها کیانی سیاسیی شەرعی.

کۆشەی دان نانان بۆ جیاوازی و فرەیی ، فرەجەمسەری و فرەهەندی لە بواری فکرو تیۆریدا، کۆشەیەکی دیرینی مارکسیزمە کە قەناغ بە قەناغ لەگەڵ خۆیدا هەناویەتی.

چاک لە بیرمە کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا لە باس و جدالە فکریەکانی ئۆوکاتی بزووتنەوەی چەپ لەکوردستاندا کە ئۆوکات ماویزم وەکوو ڕەوتێکی ڕەخنەگر لە سۆڤیەت و حیزبەکانی پرەمسکۆ ئایدیۆلۆجی زاڵی ناو بزووتنەوەکە بوو، تێزێک لە چینەوە بۆ باوبوونەوە کە لە ستەیکدا کورتکرابۆوە. دەقی تێزەکە بەمجۆرە بوو: (با سەدان گوڵ بگۆشنەوە و سەدان ڕەوتی فکری بنە مەیدانی ململانێ – دع مئة زهرة تتفتح و مئة مدرسة فکرية تتبارى). بۆ باوبوونەوەی ئۆو تێزە هەڵایەکی زۆری لەناو مارکسیەکانی ئۆوسای کوردستاندا نایەوە. هەموو چالاکوانانی مارکسیی ئۆو سەردەمە پەمان وابوو کە ئۆوە تێز و بۆچوونێکی نامارکسی و بگرە دژەمارکسیە. ئۆوکات هەشتا ڕەشن نەبوو کە خاوەنی ئۆو تێزە خودی ماوتسی تۆنگ یان نا و ڕوانگەی گشتیمان وابوو گۆڕ ماو وای ووتبێت هەڵەیەکی ناشیاوی گەورەی کردووە. دواتر دەرکەوت کە ئۆوە بۆشکە لە هەوڵێکی فراوانتری دینگ سیاو پینگ کە سەرکردەی باڵی ڕیفۆرمیستی حیزبی کۆمۆنیستی چین بوو لەبڕانبڕ گرووپی چوار کەسیی ڕابەریی حیزبدا کە نوێنەرایەتیی باڵی دژە ڕیفۆرم و سوونەتیی ناو حیزبیان ئەکرد. سەیر لەوەدا بوو کە چەپ بزووتنەوەیەکی ساوای بەهەزی کەمەگەی ئۆوکاتە بوو کە لەووەتەکدا خۆریکی دەسپەکردنی خەباتی سیاسی بوو کە هەندەی کونەدەرزیەک ئازادیی سیاسیی تیا بەدی نەئەکرا کەچی هەر لەوقەناغە سەرەتاییەوە چالاکوانانی هەگری تەندێکی هەندە دەسەاتخواز و پاوانخواز و دژ بە فرەیی و چەند جەمسەری بوون لەناو کۆمەگە و ناوخۆی بزووتنەوەکەشیاندا.

نزیکایەتیەکی زۆر هەیە لە تەروانینی ئیسلامیەکان و کۆمۆنیستەکاندا سەبارەت بە ڕوانینیان بە دیموکراتیەت و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەی بەمبەستی گرتنەدەستی دەسەاتی سیاسی لەلایەن خەیانەوە. بیری سیاسیی ئۆو دوو بزووتنەوەیە پەڵ لە پیداگری و داواکردنی مافە دیموکراتیەکان کاتێک لە ئۆپۆزیسیۆندان. هەمیشە هەردوولا بەدروست پێشلکاریەکانی لەو بوارەدا ڕسوا ئەکەن و ڕژیمە سیاسیە نەیارەکانیان بەوە تاوانبار ئەکەن کە هەگۆ بە بواری یەکسان و ئازادانە بە حیزبەکانی ئۆوان نادەن و ئۆوان قوربانیی نەبوونی دیموکراسی و فەزای ئازادانەی هەسووڕانی سیاسین. بەڵام چونکە دیموکراسی لە ڕوانگەی ئۆو دوو هێزەوە ئامرازێکە بۆ گەیشتن

بەدەستهێنان یا بواركە بە فراوانكردنەوەی نفوزی خۆیان ، لەگەڵ هاتنەسەركاریاندا یەكەمین بەیاركانیان قەدەغەكردن و سەركوتكردنی ئازادیەكان و مافەدیموكراتیەكانە. علی بلحاج ، یەكیک لە ئەبرانی بەرەی زگاریی ئیسلامی لە جزائیر لە سەروبەندی هەڵبژاردنە مێژوویەكەی سالی ١٩٩٤ ی ئەو ووتەدا كاتێک كە دنیابوو لە سەركەوتنیان ، ئاشكاوانە ووتی " ئەمە دواهەمین هەڵبژاردن ئەبێت لە جزائیردا " . لەگەڵ هاتنەسەركاری حیزبە كۆمۆنیستەكانیش لەهەموو ووتانی بلەكی سۆسیالیست جاراندا، بە هەتا هەتایە فایلی هەڵبژاردن پێچرایەوە و ئیترشین و شۆپێی كۆمۆنیستەكانیش سەبارەت بە دیموكراسی وپێداگری لەسەر ئەو مافە و قووڵكردنەوەی هەمیشەیی وەكوو داخوازیەكی سەرەكیی قۆناغی پێش گرتنەدەستی دەسەڵات لایەن ئەوانەوە ، كەتایی دێت. ئیتر دیموكراسی لە ئاوانگەی ئەوانەوە خۆی دایەوە و ئەوان بەمەرامی خۆیان گێشتن.
ئەو ناكۆكیە لە كەتایی سەدەی بیستدا ئەتەقێتەوە و فشارێكی هووخێنەر لەسەر بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و ماركسیەت دروست ئەكات كە لەهەمان كاتدا ئەبێت بە دوافرسەت و هەڵی واقیعی بۆ ئەو بزووتنەوە و تیۆریە و بە لایەنگرانی گەر بیانهەوێت جگەیەكیان لە سەدەی بیستویەكدا هەبێت.
سەدەی بیست ، لەئاستیدا ، بریتی بوو لە قۆناغی ڕەخسانی فرسەتە یەک لەدوای یەكەكان بۆ بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لە گشت جیهاندا. وەرچەرخانە گەورەكانی سەدەی پێشوو، كەتایی شەڕی جیهانیی دووەم ، دامەزرانی بلەكی سۆسیالیستی ، سەركەوتنەكانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی كە ئیلهامیان لە سۆسیالیزمی جیهانی وەرئەگرت ، سەركەوتنی شۆڕشی چین بەئاڕاستەیەكی حیزبی كۆمۆنیست و سەرهەڵدانی بلەكەكی گەورەی تری سۆسیالیزم لە ئاسیا ... تاد، فرسەتی مێژویی دەگمەن و مێژووساز بوون بۆ كۆمۆنیزم تا ڕادەیەكی زۆر بەهۆی سەرمەنەت سەبارەت بە قۆناغی گوزار لە دیموكراسییەی " بورجوازی " ، بەرپاكردنی دنیای پێ لە خۆشگوزەرانیی ئابووری و بژێو، دنیایەک كە بە فیعلی ئینسان خۆی دەستاداری خۆی بێت ، دنیایەک كە قووڵپ بدات لە ئاشتی و ئاوەدانی و ئیفاه و... ، تاد . زۆربەی بۆشایەتی ئازادیخواز لەسەرتاسەری جیهاندا نەک چاوی ئومێدیان بەیێ سۆسیالیزم ، بەڵكوو بەكردەوە چارنووسی خۆیان سپارد بەو بزووتنەوەیە و بوون بە لەشكری گۆڕانكاری و پێشەوكەر لە پلاتفۆرمی كۆمۆنیزم. بەڵام بزووتنەوەی كۆمۆنیستی نەک هەر نەیتوانی ئەو خەونە بكات بە حەقیقەتێكی مادی بەرجەستە بكات هەموو ئەو ئاوات و ئامانج و خەونە مێژوویانەی كرد بە پێژە بە بەرپاكردنی سیستمێكی تۆتالیتار كە نە لە بواری ئابووری و كۆمەڵایەتی و نە

لەبواری مەدللی نیزامی سیاسیدا نەک تەجاوزی جیهانی کاپیتالیزمی نەکرد بەڵکوو بوو بە ڕەمزی پاشکۆیەک لە مەژوودا کە ساڵەهای ساڵی ئەوەت تا قەرەبوو بکرێتەوە.

درێژەی هەیە .....

مافیاکانی نەوت لەهەرێمی کوردستان … جەزا ئەحمەد فارس

گروپێکی بچوك لە هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان/عێراق، دەستیان بەسەر داهاتی نەوت گرتووە کە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتە بۆ هەرێمی کوردستان ئەم گروپە ئەکرێت بە مافیای نەوت ناویان بێنین لە بەر ئەوەی هەموو سیفەتەکانی مافیایان تێدایە .
ئەو نەوتەی کە سروشت پێی بەخشین لەبری ئەوەی ببێت بە سەرچاوەی خۆشبەختی و ئاسودەی بۆخەمان و نەوەکانمان ئەم گروپە مافیایە کردیان بە نەهامەتیەك کە خەمان و نەوەکانیشمان ئەبێت باجی بدەین .
مافیاکانی نەوت بە شێوەیەکی نا ئەخلاقی و نا یاسای داهاتێکی خەیاڵاویان لە هەنارده کردنی نەوتی ئەم هەرێمەوە دەست دەکەوێت.
بۆئەوەی ئەو داهاتە زۆرەی کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دەستیان دەکەوێت لەکاتی بردنە دەرەوەی توشی لێپرسینەوە نەبن سیاسەتی سپی کردنەوەی پارەی نەوت ئەگرنە بەر .
چەندین کۆمپانیای وەهمیان دروست کردووە بەمەبەستی ئەوەی کاتێك کە داهاتەکانیان بردە دەرەوە بێن ئەم داهاتانە لە قازانجی ئەم کۆمپانیانەوە دەستمان کەوتووە.

زۆر جار لە پاڵ ئەوەی ئەم کۆمپانیانە کاری سپی کردنەوەی پارە دەکەکەن بە شێکی زۆری تەندەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەر دەگرن و لەوانەشدا گەندەڵییەکی بێشوومار ئەنجام دەدەن.
یەکێکی تریش لەو دیاردانەی کە ئەم مافیانەی نەوت دروستیان کردووە چەندین کەسی نزیك لە خێیان لەماوەیەکی کەمدا کرد بە ملۆنەرو ملیالەر لە سەر داهاتی خەڵکی ئەم هەرێمە.

ئەم هەڕەمە وای لێهاتووە وەکو قاچك لەماوەی شەو ڕۆژێکدا چێن هەڵەتێ قەت ئاوا چەندین ملوێنەرو ملیالەر دروست دەکرێن کە ئەمە شتێکی نا ئاساییە لە بەر ئەوەی زۆر بەی ئەو خەڵکانەی کە لەم هەڕەمەی ئێمە ئە بن بە ملوێنەرو ملیالەر لە سەر داهاتی خەڵك بوون نەك لەسەر بنەمای لێهاتووی و کاری خۆیان.
کارەساتی گەورە چاوەڕێی خەڵکانمانە ئەگەر ئەم مافیایانەی نەوت نەوەستێنین چونکە ئەم مافیایانە گرنگ نیە بەلایانەوە ئەگەر هەموو ئەم هەڕەمە وێران بکەن لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیان.

مافیاکانی نەوت کێن ؟...

لەدوای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەنارەکردنی نەوتی دەست پێکرد بۆ دەرەوە خەڵکی ئەم هەڕەمە سەرەتا هیچ زانیارییەکان لە سەر ئەوە نەبوو کە ئەم نەوتە ئەگەر لە دەستێکی ئەمیندا نەبێت ئەبێت بە مایەی نەهامەتی بۆ خۆیان و نەوەکانیان بۆ یە هاوڵاتیان پێیان وا بوو کە ئایندەیەکی پرشنگدار چاوەڕێیان دەکات .
بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات ئەو ڕاستیە ڕوونبوویەوە کە نەوت بۆ خەڵکی نەهامەتی دێنێت و بۆ بەر پرسەکانیش خۆشگوزەرانی.
هەمیشە راگەیاندکارە حیزبییەکانی هەردوو حزبیی دەسەڵاتدار لەڕێگەی راگەیاندنەکانیاوە ئەوەیان بە گوێماندا ئەدا کە نەوت ئە بێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بێیە خەڵکی ئەم هەڕەمە چەواشە کرا بەشێوەیەکی نادروست رای گشتی ئاراستە کرا بە ئاستەی پشتگیری کردن لە هەنارەکردنی نەوت.
بەتێپەڕبوونی کات نەوت بوو بە نەهامەتی بۆمان لەبەر ئەوەی کە گروپێکی مافیا کە من بە مافیای نەوت ناویان دەبەم کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوتیان کرد و زۆر بەی داهاتەکەیان خستە خزمەتی خۆیانەوە و خەڵکی هەرێمی کوردستانیان بێبەشکرد لە و داهاتەی کە لە ڕێگەی نەوتەوە دەست دەکەوێت.
مافیاکانی نەوت زۆرێك لە بەر پرسەکانی ناو هەردوو حزبی دەسەڵاتن کە ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن ئەمان ئەو داهاتەی کەلەنەوتەوە دەست هەرێمی کوردستان دەکەوێت بە ئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشانی دەکەن بێیە ئەم هەڕەمە کەوتۆتە ناوقەیرانێکی دارای قورسەوە کە ڕزگاربوون لێی ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەوە ئەستەمە.
ئەگەر سەیرێکی واقعی هەرێمی کوردستان بکەن لەم ڕێدا هەموان بوینەتە قوربانی سەوداو مامەڵەی مافیاکانی نەوت بەهۆی ئەوەی کە

مافیاکانی نەوت کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووەلەم هەرێمەدا.
چەندین بەر پرس لە سەرکردە سیاسیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی نەوتەوە بوون بە کەسی ملوێنەر و ملیالەر ئەمانە خۆیان کردووە بە خاوەنی چاڵە نەوتەکان و هەر یەکەیان چەندین بیری نەوتیان هەیە.
لەپاڵ ئەوەی کە لەرگەی بڕیيەوە بە شێکی زۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بەتاڵان ئەبرێت بەدرۆژاری چەندین ساڵی ڕابردوو ئێستاش بە بەردەومی تەنکەرەکانی نەوت ڕیز دەبەستن بەدوای یەکدا و ئاودیوی سنورەکانی هەرێمی کوردستان ئەکرێن.

شێوازی کاری مافیاکانی نەوت

یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی مافیاکانی نەوت ئەوەیە کە بەهەستن بە هیچ شێوەیەك هەست بەئازارەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکەن وە زۆر خێرا پەرستن ئەیانەوێت هەموو شتێك بۆ خۆیان بێت و ڕەحمی قۆرغکاری باڵی کێشاوە بەسەریاندا .
مافیاکانی نەوت بەنهێنی کارەکانیان ئەنجام ئەدەن و ئەو داهاتانەی کە دەستیان دەکەوێت بەناوی کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە لە بانکەکانی دەرەوە هەڵی دەگرن .
مافیاکانی نەوت خاوەنی چەندین پرۆژەی گەورە گەورەشن کە هەندێکیان تەنها بۆ سپی کردنەوەی پارەکانیانە وە هەندێکی تریشیان بۆ ئەوەیە کە بتوانن کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان بکەن.
هەندێك لە مافیاکانی نەوت خاوەنی کۆمپانیای خانوبەرەن کە لە ڕگەیەوە لەیەك کاتدا دوو سودی گەورە بە دەست دەیەنن یەکەم پارەکانیانی پێ سپی دەکەنەوە دووەم قازانجی خەیاڵاویش لەو پرۆژانەدا ئەکەن.
ئەم مافیایانە خەڵکی هەرێمی کوردستانیان توشی تەکشکانێکی دەرونی گەورە کردوە ئەتوانین بڵێن پێویستمان بە چەندین دەیە ئەبێت بۆ ئەوەی جاریکی تر بگەڕێنەوە حاڵەتی ئاسای، چونکە زۆر بە بەرنامە کار لە سەر تەك شکاندنی کەسایەتی مرۆڤی کورد کراوە .

چۆن مافیاکانی نەوت بوەستێنین؟

کاتی ئەوە یە کە مافیاکانی نەوت بوەستێنین چونکە بە بەردەوام بوونی ئەمان لە سەر کارە چەپەڵەکانیان قەیرانەکان زیاتر ئاڵۆز ئەبن و ئاسۆی چارەسەر وون ئەبێت لێمان.
ئەگەر بەزووترین کات مافیاکانی نەوت نەوەستێنرێن ئەوە کارەساتی

گەورە توشی هەرەمی کوردستان دەکەن کە بۆ چەندین نەوە کاریگەری ئەبێت
پێویستە ئەم مافیانە هەوڵبدرێت لەناوخۆ ووو بەووی دادگاکان بکرێنەوە ئەگەر زەمینە سازی دادگاکانیش لەبار نەبوو لە هەرەمی کوردستان ئەوە ووو بەووی دادگاکانی عێراقیان بکەینەوە لە بەر ئەوەی بە پێی دەستوری عێراقی تاوەکو ئێستا ئەمە وەك هەرەمی کوردستان بە شێکی جیانەکراوەیەن لە خاکی عێراق .
پێم وایە دادگاکانی ناوەند شێوازی کارکردنیان باشترە لە دادگاکانی هەرەمی کوردستان وە حکومەتی ناوەندی عێراق چەندین قۆناغ لە پێش حکومەتی هەرەمی کوردستانەوە بووو بەووو بوونەوەی گەندەڵی بۆیە ئەکرێت لە ئێگەی دادگاکانی حکومەتی ناوەندەوە کە مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی سنوری هەرەمی کوردستانە ئەم مافیایانە ووو بەووی دادگا بکرێنەوە.
ئەگەر هاتوو ئامادەش نەبوون بێنە بەردەم دادگاکان ئەوە یەك رێگەی ئاشتیانەی تر لە بەردەمماندا ئەمێنێت ئەویش بریتیە لەوەی کە لەئێگەی ئەو نوسەرو رۆشنبیرانەی کە لە دەرەوەن بەتایبەتی لەووڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ئەژین هەوڵبدرێت لەوێ پەڵاو لەداگاکان بۆ ئەو مافیایانە بکرێتەوە وەپاشان قەدەغەی سەفەریان لێبکرێت و ئەو پارەی کە بەناوی خێیان و کەسوو کاریانەوە هەیگیراوە لە بانکەکانی دەرەوە بلۆك بکرێت چونکە ئەو پارانە هی هەموو خەڵکی هەرەمی کوردستانە نەك هی ئەوان.

مافیاکانی نەوت و کاری تیرۆر

ئەگەر بڕەنگ نە بین ئەوە مافیاکانی نەوت ئەمان کوژن یان هەوڵدەدەن بمانکۆن دیار ترین نمونەی تیرۆریش بریتیە لەشەهیدکردنی (کاوە گەرمیانی) ڕۆژنامەنوس کە بەر لەوەی یەکەمین نەوەی خۆی ببینێت بە ناشیرینترین شێوە و دور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی تیرۆریان کرد.
شەهید کاوە گەرمیانی بووە قوربانی ئەو ڕاپۆرت و کارە ڕۆژنامە نوسیانەی کە بە شێکی پەیوەندی بەمافیاکانی نەوتەوە هەبوو، ئەو ئەیویست کە مافیکانی نەوتی ناوچەکەی خۆی بە ئەمە بناسێنێت و گەندەڵیەکانی کەرتی نەوت لەگەرمیان دەربخات کە ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگە .
ئەم مافیایانە دەبێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ناویان بخرێتە لیستی تیرۆرە وە لە بەر ئەوەی هەر ئەم مافیانەی نەوت بوون بە بۆ گوێدانە هیچ بە هایەکی مرۆڤایەتی دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردو

بازر گانیان لەگەڵ کردن.
ئەو بۆت ئەوەمان قەت لە بیر نەچێت لەکاتێکدا کە داعش منداڵەکانی ئیمەی ئەکوشت و سەری ئەبڕین چەندین مافیای نەوت کە کورد بوون و لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە پشتگیری دەکران دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبوو بازرگانی نەوتیان لەگەڵ دەکردن .
بە داخەوە بازرگانی نەوت مافیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و داعش نەبووە ڕۆژەف و ئەم باسە زۆر گرنگی پێنەدراو لە سەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

ئایا کورد لە ئێستادا هێلی دروستکردنی دەوڵەتی هەیە؟ … کامەران چروستانی

دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی ئاواتی هەموو تاکێکی کوردە لە ئێستادا هەروەک لە ڕابردووشماندا، ئاواتێکە لە ناخی هەموو کوردێکدا هەیە و بەردەوامیش بوونی دەبێت هەتا ئەو ساتەی بەرجەستە دەبێت. کەماری مەهاباد و سەرجەم شۆڕشەکانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە ناسنامە و پێگەی نەتەوایەتیی خۆی جێگیر بکات، وەک هەموو میللەتێکی دیکە خاوەنی ئاڵا و بوونی خۆی بێت و بگومان کەتایی گۆشتی ئەو ناسنامەش بە دروستبوون و بنیاتنانی دەوڵەتێک کەتایی دێت، لەپاش دروستبوونی دەوڵەتیش جارێکی دیکە لە گۆشتی گۆشە و پتەوکردنی ناسنامەی دەوڵەت دێتە کایەوە.

لە ئێستادا زۆر باس لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرێت و ئەو بابەتە دەوروژێنراوە، بە شێوەیەک مەدیاکانی جیهان و هەندێک کەسایەتی بەناوبانگی جیهانی ڕۆژئاوا بە ئاشکرا پشتگیری لەم دەوڵەتی ئایندەی کوردی دەکەن، سەرکردەکانی کوردیش ئاگەڕ هەتا ئێستا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کردبێت، ئەوا ئێستا ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا باسی لێوە دەکەن، هەروەها باس لە گەلێک پەیمانی دەوڵەتان و پشتگیریی کەسایەتییە

بەناوبانگەکانی جیهان بە بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی دەکەن. بگومان ناجێگیریی و باری شڵەقی عێراق و کێرتبوونی بە چەند ناوچەیەکی مەزهەبی شیعی و سوننی فاکتەرێکی گرنگیە بۆ ئەوەی کورد ئەم لاوازییە بقۆزێتەوە و داوای دەربازبوون بکات لە زەلکاوێکی عێراقێک، کە گەلێک ئاستەم بزانرێت ئایندەکەی بەرەو کوێ دەڕوات.

بەڵام با پرسیاری ئەوە لە خەمان بکەین: ئایا لە ئێستادا و لەم بارودۆخەی هەرەمی کوردستان پێیدا تێ دەپەڕێت کورد هەڵەی دروستکردنی دەوڵەتی هەیە؟ ئەگەر بڵێ، ئایا چەند؟
ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە هەموو هەنگاوێک بەرەو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی جگە لە پشتگیریی زلهێزەکانی جیهان پێویستی بە پشتگیریی بەلایەنی کەمەوە "هەندێک" لە دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە، بە ئەوەی بتوانرێت لە هەموو کاردانەوەیەکی چاوەڕوانکراودا هاریکاریی ئەم دەوڵەتە تازەپێگەیشتووە بکرێت، وەلە لە کەی باری ناوخۆیی و دەرەکی و نەودەوڵەتی پێویستە سەرنج لەم خاڵانەی خوارەوە بدەین:

١. کورد پێویستە ئەوەی لەلا ڕوون و ئاشکرا بێت، کە سەرجەم نەتەوەکانی دەوروبەر (عەرەب، تورک و فارس) دەستی کوردن، هەتا ئەو ساتەی کورد "بۆ بچکۆلەیە" و داوای مافی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە ناکات. هاوکات هەزری دیموکراسی و ئازادیی مافی چارەنووس لەناو گەلانی ناوچەکەدا نەگەیشتۆتە ئاستێک، کە ئەو پرسیە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بە گفتوگۆ و هێمنی ئاشتییانە سەربگرێت هەروەک ئەوەی کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کەماری چیکسلۆڤاکیادا ڕووی دا و لە ئێگای یەفراندەمکەوە بوون بە دوو دەوڵەتی چیک و سڵۆڤاکیا. دەوڵەتان و گەلانی دراوسێ لەنێوان خۆیاندا لەسەر هیچ کێک نەبن، ئەوا لە ڕووبووبوونەوەی پلانێکی وەها لەلایەن کوردەوە کەکن، هەمان شتیش لەناو عێراقدا سەبارەت بە شیعە و سوننە دەگوزەرێت، کە لە ئێستادا هەرچەندێک شیر لە یێک دەسوون، بەڵام سەبارەت بە پرسی کورد یێک دەنگ و یەکگرتوو بوون و دەبن.

٢. دروستبوونی هەر دەوڵەتێکی کوردی واتە گەڵانکاریی نەخشەی سیاسیی هەموو ناوچەکە. ئەم گەڵانکاریەش ئەوە دەخوازێت بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهان لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە تێکدانی نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە زۆر بەهێزتر بێت: تورکیا بە درێژایی مێژووی پاش جەنگی جیهانی یەکەم پارێزگاری لە

بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ناتۆی کردووە، ئێران دەوڵەتکی بەهێز و یەکگرتوە لە سەرچاوەی گرنگەکانی وزە بۆ جیهان، عێراق و سوریا پشتگیریان لەلایەن سەرجەم دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە بۆ دەست دەهێنن لە هەموو هەوڵێکدا بۆ گەڕانکاریی سنووردانیان. دەرهاویشتەکانی نەخشەی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە زۆر زۆرتر بێت، لەوەی کە لە ئێستادا چاوەڕوانی لێوە دەکرێت.

٥. لەم جیهانە نوێیەدا و لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا گەلێک باسی ئازادی و مافی مرۆڤ دەکرێت، بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و چەندین دەستەواژەی سەرنجڕاکێشی دیکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوودەدات گۆڕان لە گەڕانکاری و هەوڵەستە سیاسییەکانی جیهان ببینێت بەریتییە لە بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان و هەر ئەو بەرژەوەندییانەش سەنگی مەحەکن. ئەوەی لەم ساتەوەختەشدا لە سوریادا دەگوزەرێت باشترین نموونەیە، کاتێک زیاتر لە نیو ملیۆن مرۆڤ بوون بە قوربانیی جەنگی شاراوەکەی زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە لەناو خاکی سوریادا. هەر لەو هەمان ڕوانگەوە ئاگر کورد بەزەیی بە مژووی تەکۆشانی خۆیدا بێتەوە کە گەورەترین نەتەوەی ناوچەکەیە و کە هەتا ئێستا خاوەنی دەوڵەتکی سەربەخۆی خۆی نییە، ئەوا هیچ شتێکی نوێ ناخاتە سەر واقیعەکە تاکە چونکە دەوڵەتانی جیهان مژووی تەکۆشانی کورد باش دەزانن و زانیاری تەواوەتیشیان لەبارەی قەبارە و پێگەی کورد لە هەموو پارچەکاندا هەیە. کێشەی کورد و نەخشە نوێکەی دەوڵەتیی کوردی بەرامبەر بە گۆڕانکاریی نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و تێکشکاندنی هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەم دەوڵەتانەی ئێستا دەتوانێت چی پێشکەش بکات؟

٦. کێشەی کورد پێویستە شتێک پێشکەش بکات بە ئەوەی شتێکی پێشکەش بکرێت، شتێک ببەخشێت بە ئەوەی شتێک بەدەست بهێنێت. ئاگر باس تەنها لە نەوت و سەرچاوەی وزە بکرێت، هەرچەندە فاکتەرێکی یەکجار گەورە بێت، بەڵام ئەو سەرچاوانە بە هەر شێوەیەک بێت هەروەک هێنووکە پێویستە دەربهێنرێن، بخرێنە بازاڕەوە و ڕوو لە بازاڕی جیهانی بکەن، بفرۆشرێن و لە خزمەتی وڵاتانی هەموو جیهاندا بن. ئەم پرسیەش بەردەوام دەبێت جا ئاگر دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت یان دانەمەزرێت. کێشەکە ئاگر بەیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیش بدرێت پێویستە فاکتەری پاراستن و دڵنیابوون لە (سەرچاوەکانی وزە لە ناوچەکەوە) بە سەرتاپای جیهان یەکێک بێت لە فاکتەرە گەورەکانی ئەو بەیارە. یاخود کام جەمسەرەی جیهان پشتگیریی لە دروستبوونی دەوڵەتکی کوردی دەکات، بە ئەوەی پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی

سەرچاوەی وزەی خۆی بکات و ئایا لە ئێستادا ئەو بەرژەوەندییانە پارێزراو یان دەنیا نین؟ جگە لەوەش ئایا کورد لەو بوارەدا هەتا ئێستا چی بەدەست هێناوە؟

٤. سەرچاوەی نەوت و گاز: لە چەند ساڵی ڕابردوودا کوردستان بووە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی نەوت و گاز بۆ بازاڕی جیهان و ئەمەش وای کرد کە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان لە ئەمریکا، ڕووسیا، فەرەنسا و بەریتانیا و چەندین وڵاتی دیکەوە هاوو بکەنە هەرێم بۆ دەرهێنانی نەوت و وەدەستهێنانی گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. جگە لەوەش گازی سروشتیش بۆ هەمان شێوە یەکێکە لە سامانە سروشتییەکانی هەرێم، کە دەتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە گرنگ ببینێت بۆ دابینکردنی گاز لە بازاری جیهانیدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە: بەگومان گەلێک جار ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە لە پشت پەردەکانەوە ببێتە گرنگ دەبینن لە داشتنی سیاسەتی جیهانی و ئامانجی هاتنیان بۆ ناو هەرێمی کوردستان بریتییە لە وەدەستکەوتنی بەشێک لەو سامانە سروشتییەی، کە ئەم هەرێمە هەیەتی: لەگەڵ بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی و هاوبەشووبوونەوەی هەموو ئۆگەرە ئەرێنی و نەرێنییەکان ئایا بەرژەوەندییەکانی ئەم کۆمپانیایانە ناکەونە ژێر مەترسییەکی نادیارەوە یاخود سیاسەتی جیهانی پلانێکی وەها دادەڕێژێت، کە ئاسایشی دەوڵەتە نوێکە و بەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانە هاوکات پارێزراو بن؟

٥. "پێشمەرگە" ئەو وشەیە، کە خۆی بە سەرتاپای جیهان ناساندووە، ئەو هێزەیە کە دژ بە دڕندەترین هێزی تیرۆری جیهان وەستاوەتەوە و پێگەی خۆی لەناو بەهێزترین سوپاکانی جیهاندا سەلماندووە. هاوکات وشەی پێشمەرگە پەیامێکی دیکەی بە هەموو جیهان گەیاند، کە لە کوردستاندا هێزێکی وەها هەیە، کە بتوانێت پارێزگاری لە خاک و ئەم میللەتە بکات. واتە کۆشش لە هەبوونی هێزێکی پارێزەردا نییە، کە لە ئایندەدا بتوانێت سنووورەکانی ئەو دەوڵەتە نوێیە بپارێزێت، بەڵکوو لەگەڵ پێکهاتەی ئەو هێزە و پێکهاتەی سیاسیی ئەو هێزەیە. ئەوەی یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کورد دەدات بە دەستەوە (سەرباری بەهێزیی و بەتوانایی پێشمەرگە) ئەوەیە، کە بەشێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە هەتا ئەم ساتە وەختەش لە چوارچێوەی حیزب و لژنە فەرماندەیی دەستاتدار و سەرکردەکانی کورددا کار دەکەن، بەبێ ئەوەی لژنەیەکی چەترێکی نیشتمانی یەکگرتووودا کۆکرابێتەوە و "بێشێوەیەکی پراکتیکی" لەناو وەزارەتێکی حکومەتدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەرچەندە لە ئێستادا زەرینەی هێزەکانی پێشمەرگە

"لەژێر ناوی وەزارەتی پێشمەرگەدا" بەشداری جەنگی دژ بە داعش بوون، بەڵام واقیعی هەزەکان ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەم هەزانە لەستەوخۆ سەر بە یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتن. ئەم واقیعەش هەروەک نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەمیشە ووبەووی ئاگاری ئەوەمان دەکاتەوە، کە لەوانەیە ئەم هەزانەی پێشمەرگە سەرلەنوێ بکەونەوە جەنگێکی براکوژی تازەوە، بە تایبەتی کاتێک دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا) بیانووەت ڕەوشی ناوەوەی دەوڵەتە نوێکە تێک بدەن بە ئامانجی شکستهێنانی پرۆسەی دەوڵەتێک یاخود بارزەوەندی ئەو حیزبانە بکەوێتە مەترسییەوە، کە خاوەن هەزێکی چەکدارن.

٤. هەرەمێکی ناجێگیر و شێواق لەلایەنی سیاسیی و بەڕێوەبردنی ناوچەکەوە: ئەوەیش کە خاڵی پێنجەم پشتڕاست دەکاتەوە بریتییە لە مۆڕووی سیاسیی ناوچەکە لە چارەکە سەدەی ڕابردووەدا، کە حیزبە کوردییەکان زۆر بە گرانی توانیویانە کێشمەکێشی هەوری سیاسی، گونجاندن و تێگەیشتن لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن، بەکوو بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم لایەکگرتن و بەکەوتنەکانیان بە شێوەیەکی کاتی بووە و لەسەر بنەمای بارزەوەندی حیزبایەتی بووە: قۆیرانی سیاسیی هەمیشە یان لەنێوان حیزبەکاندا هەبووە و هەندێک جاریش گەیشتۆتە ئاستی بەکارهێنانی هێز کە ئەمەش ئاسەواری خۆی لە دروستبوونی کێشە لەنێوان دەسەڵات و حیزبەکان لەلایەک، داواکارییەکانی کەمەگا لەلایەکی دیکە دروست کردووە. ئەمەش لە خۆیدا دووركەوتنەوەی حیزب و دەسەڵات لە کەمەگا دەسەڵمێنێت. ئەمەش ئەو وێنەیە دەگوازێتەوە، کە کێنبوونی هەزە کوردییەکان لەژێر چەترێکی نیشتمانیدا و نبوونی یەکدێنگییان لەناو خۆیاندا ئاگارێکی دیکە دەخاتە ووە بە تەقینەوەی ئەو ناکۆکییە لە هەر ساتێکدا بێت و پاشان بەکارهێنانی هەز (خاڵی شەشەم) بەرامبەر بە یەکتر، کە ئەمەش ئاگارێکی مەترسیدار دەخاتە بەردەم پێشهاتەکان کە کەمترینیان بریتی دەبێت لە شەڕقیی سەرجەم ناوچەکە و ئاگاری دروستبوونی کێشەی گەورەتر، جگە لە شکستهێنانی بەردەوامبوونی دەوڵەتە دامەزراوەکە.

٥. سەرجەم سەرکردە کوردەکان کاتێک لەگەڵ لایەنێک یان کەسایەتییەک باسیان لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کردووە یاخود باسیان لە بارودۆخی کورد کردووە، بە بێشوەی بازیی باسی کورد کراوە: باس لە قوربانییەکان، وێرانکارییەکان، مۆڕووە ڕەشکەمان و . . . هتد کراوە، کە هەموو جارێک بە ئامانجی ئاکشانی سزی ئەو لایەنانە ئەم

وتانمان دووبارە کردەتەوە، بەتام زلهێزەکانی جیهان مامەڵە لەگەڵ "بەهەز"دا دەکەن، لەگەڵ هەزەک، کە "بووون و هەبووون"ی خۆی بسەلمێنێت، ئەوە پێشان بدات، کە هەیەتی و کە پێی گەیشتووە، کە دەتوانێت پێی بگات و بیخاتە سەر زەمینەی واقیع.

بە نموونە: پێش چەند ساڵێک بارودۆخی ژیانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق یەکجار خراپ بوو، جەنگی نێوان سوننە و شیعە بەرەو ئاقارێکی خراپ دەڕۆیشت، هاوکات کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا گەلێک ئارامتر و جێگیرتر بوو، کەشی سیاسیی نێوان حیزبە کوردییەکانیش بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو، کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە بارێکی "ئارامتری سیاسییدا" دەژیا. لەو ماوەیەدا گەلێک جار مەدیای جیهانی باسی لە پێشکەوتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانیان لە کوردستان دەکرد، باسیان لە پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی تاک دەکرد، جگە لە پێشکەوتنی باری ئابووری هەرێم، بەتام لە ئێستادا نەک تەنها مەدیا بەکوو بە دەگمەن کەسایەتییەک یان لایەنێکی فەرمیش بە شان و باڵی ئەو بارودۆخە شڕاوەی ژیانی سیاسیی ئێستای کوردستاندا هەڵە بدات، بەکوو ئەوەی لەسەر زمان بێت و بووبێت بە سومبولێک بە کوردستان تەنها وشەی "پێشمەرگە"یە کە هەموو جیهان باسی دەکات، سیاسەتمەدار و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهانیش باس لە توانا و بەهێزیی پێشمەرگە دەکەن. ئەوەی کەشە بێت لەم خاڵەدا ئەوەیە، کە حیزبە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان هەتا ئێستا سەلماندوویانە کە ئەوان ناتوانن لەناو چوارچێوەی هزرێکی نیشتمانپەروەریدا کۆ و هاوبەن، مەخابن بەکۆتنەکانیان (هەروەک بەکۆتن و بەکۆتنامەکانی دیکە) ئاگر بە ماوەیەکی کاتیش بێت، ئەوا هەمیشە لەژێر ئاگری کاریگەریی لەکپچەاندا دەبێت. ڕاپۆرتی بڕژنامەی هارەتسی ئیسرائیلی لەژێر ناونیشانی (Instead of Uniting, Kurds Are Busy Fighting Each Other – کوردەکان لەبری یەکگرتنیان سەرقاڵی ووبەووبوونەوەی یەکترین) تەنها نموونەیەکە لە چەندین نموونەی ڕاپۆرت و هەواڵ کە لە مەدیا جیهانییەکان سەبارەت بە باری شڕقی سیاسیی کوردستان بڵاو دەبێتەوە، سەرباری ئەوەی کە لە خودی ئیسرائیلەوە لەرە و لەوە لەوانەیە دەنگێک بەرزبێتەوە، کە کورد پەویستە ببێت بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی.

ڕ. ئایا پاش چارەکە سەدەیەک چیمان بە پێکهێنانی دەوڵەت پێک هێناوە؟ بەگومان هەرەمی کوردستان لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا گەشەنکارییەکی یەکجار گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەتام جیاوازییەکی گەلێک گەورە هەیە لەنێوان گەشەنکاری و گەشەندن،

چونکە مەرج نییە گەلانکاریییە گەورەکان گۆشەی گەورە لە ژیرخانی بناغەی ژیانی کەمەگا لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. کۆشکانی هەرەم لەبواری ئابووری، پلاندانان، بواری کار، تەندروستی، ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ و گەلەک بواری دیکە بواری ئەو پاساوانە ناهێنێ، کە هەندێک لایەنی کوردی بە فاکتەری بابەتی و بارودۆخی ناوچەکە بگەڕێنێ. هەموو ئەم کۆشانە وتەیەکی هاوڕێیەکی جولەکەم وەبیر دەهێنێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ پێی وتم: ئەوەی ئێوە کورد لە ماوەی ١٧ ساڵدا (١٩٩١-٢٠٠٨) بەجێتان نەهێناوە، ئێمە لە شەش مانگی پێش ساڵی ١٩٤٨ بڕ لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل جێبەجێمان کرد.

دوا وشە: سیاسەتی سەرکوتوو گەمەی یاریزانە بەهێزکانە، مەرج نییە کابەری زلهێزکانی جیهان بکرێت، بەنام گرنگە ئاگەر هەنگاوکان هەرچەندێک کورت و بچوکیش بن، بەنام دروست بن. مەخابن نەتوانین و شکستهێنانی گەلێک هەنگاوی دەستاتداران لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، کارکردن لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە حیزبییەکان و نەبوونی هەوە بە تێپەڕاندنی ئەو سنوورە حیزبییە و بەرفراوانکردنی ئەو سنووریان بەرەو نیشتمانێک، زنجیرەی کۆشە سیاسییەکانی هەرەم و هەڵەشەی بکارهێنانی هێز، جگیرنەبوونی هەرەم لە دروستکردنی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکگرتووی پتەودا و دابەشبوونی هێزکان بەسەر جەمسەری ئێران و تورکیادا هەموو ئەمانە خەسڵەتکی نەرێنین لە پێکهاتەی سیاسیی هەرێمدا. هاوکات ناوچەکە لە گەڵاندایە، داعش و جەنگی ناو سوریا و گەڵانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ناو تورکیا بەبێ گەڵانکاری بەسەر ناوچەکەدا تێناپەڕێت، کە ئەمەش لەوانیە لەم نەخشە نوێیەی خەرهەڵاتدا کوردستانیش بگرێتەوە. ئامادەبوونی هەموو ئەم نوێنەرانەی دەوڵەتجیاوازەکانی جیهان لە کوردستاندا ڕوویەکی تری ئەرێنی پێگەی کوردستان پێشان دەدەن، کە ئەم ناوچەیە شوێن بایەخی گەلەک دەوڵەتی خاوەن بڕیارن لەناو مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا. وەلە لەناو هەموو ئەم خاڵە ئەرێنی و نەرێنییانە کام ئاراستەیان سەرکەوتوو دەبێت، کام جەمسەرەی جیهان پاڵپشتی کورد دەکات و کامیان ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم مەترسییەکانی دەبێت، ئایا سەرکردەکانی کوردیش لەگەڵ "پەداویستی قۆناغ مەژوویەکە" شەوازی تەوانین و یەکگرتویی خۆیان دەگەڵن، ئایا حکومەتی بەغداد بە چ کاردانەوەیەک ڕووی خۆی لە بڕیارەکی وەهای سەرکردایەتی کورددا پێشان دەدات: هەموو ئەمانە کەمەک هاوکێشەی قورسن، کە ئان و ساتی سیاسیی وەڵامیان دەداتەوە.

سەرنجێکی خێرا لەسەر شانۆی ئەزموونگەری) کرێکاران لەکۆندا ... نووسینی : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

سەرتایەکی کورت لەوانگەی ماتریالیزمی مێژوویەوە

ئەم کەمێگە مەدەرنەی مرۆڤایەتی سەرتاپا دەرگیری کێشمەکێش و ململانێی بەردەوامی نێوان چینەکانە. چین و توێژە جیاجیاکانیش لە هەوڵێی ئاوەدان زەرتریەن کارێک بکەن کە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان بپارێزن و تای تەرازووی هێز لەم ململانێ بەردەوامە بەلای خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان بشکێننەوە. وەک ئاشکرایە لە کەمێگەی نوێی مرۆڤایەتی دوو چین تیایدا مەری خۆیان بەدیاردە و هووداوکانەوە دەنێن. بە پێی لێکدانەوەی ماتریالیزم بە مێژوو و چینە کەمایەتییەکانی هەر کەمێگەیەک لە دوو چینی دژ بەیەک و هاوستاو بەرامبەر بەیەک پێک دێت کە هەریەک هەنگری تایبەتمەندی و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیەتی. لە سیستەمی سەرمایەداری چینی باڵا یان سەرمایەداری خاوەن هێز و سوپا و زیندان و دامودەزگاو حیزب و میدیای زۆبەلاح و ئەدەب و هونەری خۆیەتی و تەواوی دیاردە و دەرکەوتەکان لە هەوتی ململانێی چینایەتی بەسوود و قازانجی خۆی بەکار دەهێنێت. دەرکەوتەکانی دیاردەگەلی وەک ئایین و نادادپەروەری کەمایەتی و بێکاری و ستەم لە ژنان و تاد بە ئەندازەی سوود و قازانجیان بە سەرمایەداران، بەو ئەندازەیەش کەت و زنجیرن لە دەست کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش. چینی کرێکار لەم جەنگە چینایەتییەدا دەست بە گەلە ئامراز دەبات بە بەگژاچوونەوەی ستەمی بورژوازی لەوانە شەش و مانگرتن و خۆپیشاندان و دەرخستنی نارەزایەتی و لەهەمان کاتیشدا دەست بە ئەدەب و هونەری چینایەتی وەک پەویستییەکی ئەو خەباتە دەبردرێت. ئەدەب و هونەری کرێکاری بەدرێژایی مێژووی خەباتی چینی کرێکار هەیی گەیاوە لە جۆشدانی خەبات و بەرچاووونکردنەوەی ئەم چینە

بنیادنەر کە تەواوی ژیانی گەی زەوی لەسەر ئارەق و تەنجی ئەم دامەزراوە. ئەدەب و هونەری کرێکاری وەک بەشێک لە پانتایی تەکنیکی چینی کرێکار دژ بە ستەمی سەرمایەداری ناسنامەی خەی لە خەبات و نەزایەتی ئەو چینە خەیەوە وەردەگرێت. پایەکان و بنەماکانی ئەم هونەرە چینایەتییە خەی لە لێکهەڵپێکرانی هونەر بە شێوەیی کەمەڵایەتی چینی کرێکار بنیاد دەنێت.

تەمەنی وەاتی کەنەدا گەرچی کەمتر لە سەد و پەنجا ساڵە، بەڵام لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەیدا گەمەگەیەکی هاوچەرخ بنیادنراوە و ئەو کلتوور و نەریت و زانست و فەرهەنگی لە ئەوروپا بەگشتی و بەریتانیا بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەدا بڕەوی هەبووە، گەیشتە ئەم وەاتە تازەیە. مرۆڤە گواستراوەکان یان ئەوانەی ئارەزووەندانە هاتوون بە ئەم وەاتە خاوەن ئاستێک لە تەوقوع بوونە بە ژیان کە زۆر لە سەرووی تەوقوعی مرۆڤە نەیتیڤەکانی (خەڵکە ئەسڵییەکان)ی کەنەداوە بوونە. وەاتی کەنەدا پێچەوانەی وەاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەروپا بەو ڕادەیە مەژووییەدا تێنەپەڕیوە. واتە بە تۆنەی قەناغەکانی "کەمەنەی سەرەتایی و کەیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری" گوزەری نەکردووە، بەڵکو وەاتی بەریتانیا بەهەموو توانا مرۆیی و زانستی و سەربازییەکانییەوە پایەکانی کەمەگەیەکی کەلەنیاڵی مەدەرنی لەسەر ئەم خاکە دامەزراندووە. هەر لەم ڕەگەیشەوە کلتوور و نەریت و پرنسیپە گشتییەکانی کەمەگەی ئەوروپا بە ئاسانی دەگەنە کەنەدا. مرۆڤە نوێیەکانی سەر ئەم زەمینە هەر زوو حەز و خولیا و ئارەزووەکانیان لە ڕەگەی ئەدەب و هونەرەوە دەربڕیوە.

لە ڕووی مەژووییەوە چینی کرێکاری کەنەدی گەرچی لەداکبوونەکی زەحمەتی هەبوو ، لەگەڵ ئاوەشدا هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژکانی دروستبوونی ئەم وەاتەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەهامەتی و کڕی کەم و ناتەندروستی هەلومەرجی کارو بیمەی بێکاری و بەمافی کەمەڵایەتی و بێگشتی لەگەڵ نزمی ئاستی ژیفاهی کەمەڵایەتی نەرمکردووە. ئەم چینە هاوێیداوە لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوو کارەکتەری خەی گۆڕەپێبدات و پە بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابووریەکانی کەمەگەی کەنەدی، ئەمیش ئاڵوگۆڕەی بەسەردا هاتووە و وریاتر بەتاوە و بەرژەوەندییەکانی خەی زیاتر ناسیوە. لەڕەدا نابێت ڕۆڵی دیار و بەرچاوی باوکی بزووتنەوەی چینی کرێکاری کەنەدی (دانیاڵ ئەدنیهە)لە یاد بکەین کە سەرتاپای ژیانی هاوێیدا و تێکۆشا لەپێناو ڕێکخستن و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران(1). هەروەها

بڵاوبوونەوەی (Labour Gazette) گۆڤاری کرێکاری یان گۆڤاری کار لەساڵی 1901 دەستیکی زێری گەرا لە هەشیارکردنەوەی کرێکارانی کەندی.
سەرەتای سەدەی بیستەم بە بزووتنەوەی کرێکاری کەندی سەرەتای خەبەکخستن و بەرەو یەکگرتوویی چینی کرێکار بوو لەدژی چەسی سەرمایەداران. بورژوازی کەندی لە هەوڵی ڕاگرتنی ئەو بارودۆخە ناهەموارە بوو و تەکەشاوە لەم دۆخە نائینسانییەی کاردا زۆرترین قازانج بە خۆی دەستەبەر بکات. هەرچەندە بورژوازی کەندی و دامودەزگاکانی لەهەوڵی بەرەخستنی کەمپینەکی دژە سەندیکا دابوو، بەڵام ئارەزووی کرێکاران بە یەکخراوبوون تا دەهات پەرەی دەسەند و بەیەک دەبینین ژمارەی ئەندامانی یەکخراوی کەنگرەی کار و بازرگانی (Trades and Labour Congress) کە یەکخراوەکی سەربەخۆی کرێکاران بوو لە ساڵی 1902 بە 13,000 لە 1914 ئەندامەوە بوو بە 80,000(2).
ئەم گۆشە سەندن و هەشیاربوونەوەیە و یەکخراوبوونە دۆخەکی هەنابوو ئاراوە کە خوازیاری ئەدەب هونەرێک بوو کە گوزارشت بێت لە خەبات و ئامانجی خەباتکارانەیان. شانە هەکارەکی گونجاو بوو کە نووسەرانی کرێکاری هەر زوو دەستیان بە بەرد و هونەرمەندانیش کاریان لەسەر کرد.
گەرچی خودی هونەری شانە زەر لەو مەژووە زووتر هاتە کەنەدا هەروەک" مەژوونووسی شانەیی دەیڤد گراندەر لەو باوەڕدایە که شانەی ئەوروپی لەگەڵ بەرەز هامفرەی گیلبەرت و "کەمپانیایەکی بچووکی ئەکتەرەکان" لەساڵی 1583دا هاتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لەسکاربەرد بە شانەی نیبتەن لە فەرەنسای نوێ لە چواردەی تشرینی دووەمی 1606 و سامەیڵ دی چامپلەین لە پەرت ڕۆیەڵ (که ئێستا هەرەمی نۆڤەسکۆشیایە) یانەیەکی کەمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەدالیای بەختەوەری و ئەمەش لەمیانەی سیستەمێکەوە بوو که لەسکابەرد سەرگەرمییەکانی خۆی نیشان دەدا که لەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش دەکرا و ڕوخساری خۆیان دەگۆڕی که وەکو ڕوخساری خەڵکە ڕەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن".(3)
سەرەتای ئەم سەدەیە و بەتایبەتی لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ لە کەنەدا لەقۆناغێکی پێ لەگۆشەو بەرەوپێشچوون دا دەژیا.

بزووتنەوەی شانەی کرێکاران وەک بزووتنەوەیەکی دانەبڕاو لە چینی کرێکار و نەزایەتییە شۆشگێڕانەکانی بەپشتیوانی حیزبی کەمۆنیستی کەنەدا هەنگاوی دەنا و لەسەی خۆی دەگۆڕا. ئەدەب و شانەی چەپ

لەدایکبوو سیەکاندا وەک بزووتنەوەیەکی دانپیانراو و هەمەچەشن بووە و هەڵگری شوناسکی ئیستاتیکی دیار و بەرچاو بووە لە مۆزووی ئەدەبی نەتەوەتی(میللی) لە کۆنەدا((4. ئینسکلۆپیدیای شانۆی کۆنەدی گرچی بەوردی لەسەر مۆزوو و بزووتنەوەی شانۆ کۆنەدی دواوە و وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی باوەڕپێکراو پشتی پێدەبەستریت، کەچی لە ئاماژە و باسکردنی شانۆی کرێکاران لەو وەاتە بەدەنگی هەڵبژاردووە و بچووکترین ئاماژەی بەو هەوە و کۆششانە نەکردووە کە هونەرمەندە چەپ و کرێکارەکان لەبەگژیەکی زەمەنی و لەناو ڕۆژووی مۆزووی شانۆی کۆنەدی ئەنجامیان داوە. بەیە ئاشکرایە کە چینە باڵاکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان ئامادەن مۆزوو بشوێنن یانیش هەر وەلای بنێنن. بەیە ئینسکلۆپیدیای شانۆی کۆنەدی دەکرێ بەوترێت تەنها ئینسکلۆپیدیای شانۆی چینی فەرمانڕەوا یان ئەو بزووتنەوە شانۆیەیە کە هیچ مەترسیەکی بە سەر ژیان و داهاتووی چینی فەرمانڕەوای کۆنەدا نەبووە و نیە.

http://dengekan.ca/wp-content/uploads/2016/12/shano_canada1.jpg

ئەندامە سەرکیەکانی شانۆی کرێکاران

بەڵام جگە لە هەوڵەکانی چینی باڵا بە شاردنەوەی ڕاستیەکان و شێواندنی مۆزوو، هەوڵی تر لەئارادایە کە دەیەوێت بەپێچەوانەی ویست و خواستی چینی باڵا و دەسەڵاتدار، ڕاستیەکان بگەنێتە خوێنەر و ڕووی ڕاستەقینەی مۆزوو نیشان بدات. لەوانەش دکتەر کاندیدا ئیفکایند پرۆفیسەری یاریدەدەر لە زانکۆی وینیپیگ، بەوردی ئیشی لەسەر ئەدەب و کلتووری وەاتی کۆنەدا کردووە بەتایبەتی ئەدەب و کلتووری نەوان هەردوو جەنگی جیهانی، دەیەی بیستەکان دەیەی سەرهەڵدان و نەشونمای بیری ناسیونالیستی و ئابووری و کلتووری بوو لەکۆنەدا. ئەوبوو بە یەکەمجار ژمارەیەک ڕۆخنەگر دەستیان کرد بە ڕۆخنە و شیکردنەوەی ئەدەبی ئەمریکی و بەریتانی. بەڵام لەساڵی 1929 بەدواوە کەمەک ئەدیب و نووسەر کەوتنە نووسینی بەرهەمی چەپ و کۆمۆنیستی. باڵی چەپی ئەدەبی مەدەرنیزمی کۆنەدی کە دکتەر کاندیدا لە کتێبی "کۆمۆنیستەکان و ڕۆخنەگران : ژن و ئەدەب و چەپ لەدەیەی سیەکان لە کۆنەدا" دا بەوردی بەدواداچوونی بە کردووە، دەڵێت" ئەدەبی چەپی کۆنەدی لەو بەگە زەمەنیە دوو ئەرکی لەسەرشان بوو. لەلایەکەوە گوزارشتی داهێنرانە بوو لە سۆشیالیزم و لەلایەکی ترەوە هەگبەوانەوەی ئەدەبی ترادیسیۆنی زاڵ بوو"(5). ساڵی 1929 مایکە گۆڵدی نووسەری پرۆلیتاری بەئایین جولەکە شانبەشانی هەریەک

لە ئیدا ڕەوە و چەن هوەرد لاوسن و جاسپەر دیدەر هەوەی دروستکردنی شانەی کرێکارانیان داو و ناویان نا(Workers Worke Drama). بەڵام ئەفسوس ئەم هەوڵە بەناکامی مایەوە و نەیتوانی هەنگاوێکی بەرچاو بنە لەبردنەپێشەوەی شانەی کرێکاران.
شانە و بزووتنەوەی شانەیی کرێکاران لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە لەبارەی گەمەگەی کۆنەدی نەشونمای کرد و هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە نا. مەژوونووسانی بزووتنەوەی شانەی کۆنەدی دەستەواژەی "بزووتنەوەی شانەی کرێکاران" یان بەو ژمارە لە شانەی ئەزموونگەری سیاسی بالی چەپی کۆنەدی دەگوت کە لە دەیەی سییەکان هاتنە دەرهێنان و نمایشکردن. زەربەی ئەم شانەگەرییانە بەسپانسەری (یانەکانی هونەری پێشکەوتووخواز)) و بەدنە(تحریض)ی حیزبی کۆمۆنیستی کۆنەدی و پشتیوانی ئەو حیزبە هاتوونەتە نمایش. لەنەو بزووتنەوەی شانەی کرێکاران دوو جەر تەوانین دەبینرێت کە یەکەکیان کۆمۆنیستییە و ئەویتریان سۆشیال دیموکراتە(6). یەکەک لە دامەزرێنەرانی شانەی ئەزموونگەری کرێکاری لە شاری تەرنتە لە کۆنەدا لەساڵی 1933 خانمە نووسەر تەبی گەردن ڕایەن. تەبی گەردن ڕایەن نەک هەر بە نووسەرێکی چەپ بەڵکو بە پێشەنگ و دامەزرێنەری شانەی چەپ دادنرێت.
ئەم خانمە پێشکەوتووخوازە دوای ئەوەی ئەسکار ڕایەن دەناسێت، لەساڵی 1949 دەبنە هاوسەری یەکتر و تا مردن بەیەکەوە دەژین. تەبی تەنها نووسەرێکە کە نووسینەکانی لەم دواییانە لەلایەن ئەرشیفی کتێبخانەی زانکۆی گەڵف وەک تاکە مەتریاڵێک دەربارەی بزووتنەوەی شانەی کرێکاران لەدەیەی بیستەکان کەتائەمڕۆ چنگ کەوتبی و لەبەردەستدا بێت، کۆپی لەوەرگیراوە(7). تەبی ڕایەن کەمڕۆ هەوڵی لەبواری شانەی کرێکاران هەیە لەوانە : شانەی چەپ و شانەی کۆنەدا و دەیەی سییەکان-یادەوەری جگە لەتەبی گەردن ڕایەن، هەندە ناوی تر هەن کە کاریگەرییان لەسەر نەخشاندنی ئەو مەژووە دیارە لەوانە ئالن فایلود، هارۆڵد گریفن(لەشاری قانکۆڤەر-هەرەمی بریتش کۆڵمبیا)، جۆ زاکن(لەشاری وینیپیگ- هەرەمی مانیتۆبا)، ڕۆز کاشتان(لەشاری مۆنتریاڵ- هەرەمی کیبەک)، ئەسکار ڕایەن، ئەدوارد سیسیل سمیس، فرانک لەف، میدرەد گۆدبەرگ و وینو شاستەر، دۆسی لایقسی، ئان ماریەت، ئیرینا بێرد. بزووتنەوەی شانەی کۆنەدی بگشتی و شانەی ئەزموونگەری کرێکاری لە کۆنەدا وەک هەر جگایەکی تر پیاو نەخشی بەرچاوی زیاتری هەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان ڕۆڵی داهێنەرانەیان نەگێڕابێت لەو بوارەدا. بەچاوگێڕان بەسەر ناوە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمە ژمارەیەک ئافرەت دەبینین کە ڕۆڵی گرنگ و پێشەنگیان گێڕاوە. دیارە نابێت وا بزانین

کە بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران بەردەوام بوو لەسەر هەنگاوی ناوە.

نەخێر لەسایەی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم بارودۆخێکی نالەبار لەدژی ئەم بزووتنەوەیە هاتە ئاراوە و لەزێر ناوە دژایەتی دەکراو تەنانەت شانۆگەرییە چەپە تووندڕەوەکان قەدەغە کران. دواتر خانمە نووسەر تەبی رایەن تیپێکی شانۆیی تر دادەمەزرێنێت بەناوی (Play Actor) کە کاری لەسەر هەشیارکردنەوەی توێژی گەنج دەکرد لە کەمپەینگای کانەدی. ئەم بزووتنەوەیە ئیتر بەهۆراز و نشێوی ڕووداوەکانی کەمپەینگای کانەدی تێدەپەڕێت و دواجار لەسەر ئەو سکۆیە لەنگەر دەگرێت کە پێی دەڵێن شانۆی کانەدی. بەڕام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە هەر پێشەوییەکی شانۆیی و هەر هەنگاوێکی هونەری لەبەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندی چینایەتی لەو سەردەمە دژ بە شانۆی بورژوازی و هونەری بورژوازی بوو.

گەی گلەقەری ئەکتەر لە دیمەنێک لە شانۆی " لەچاوەڕوانی لیفتیدا"، لە فیستیڤاڵی دەمینیەن دراما لە ئەتاوای پایتەختی کەنەدا لەساڵی 1936

بەرهەمە شانۆییەکانی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران

کاتێ گروپی شانۆنامەنووسانی نوێ لە ساڵی 1926 دامەزرا، ئێتێ خان بوو بەدابینکەری سەرچاوەی دارایی و بڕی 30,000 دۆلاری ئەو سەردەمەی خستە بەردەستیان، ئەمەش نزیک هەر نووسەرانی چەپ بڵکو نووسەرانی تریشی هەنایە ناوەوە کە لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری ئەوروپا بوون. جان هۆورد لاوسن ئەو کاتەی لە پاریس دەبێت، هەردوو دۆقی (ڕێجیسۆری تازە پێگەیشتوو)لە ساڵی 1923 کە شانۆگەرییەکە دەربارەی گەنجێکە کە خەریکی خۆباتکردنە لە جیهانی واقیعی، و (ئاواز و مۆسیقای نمایش) لە ساڵی 1925، دەنووسێت. دواتریش لە سەرتای دەیەی سیێکان شانۆی کار (Theatre of Action) دێتە ئاراوە و دەرهێنەر لە شاری نیویەرکەوە دێنن و ستافی بەردەوامی دەبێت و قوتابخانەی هاوینی دەکاتەوە گەڵە نمایشی شانۆیی ئەنجام دەدات و بەرهەمکانی دەگەنە قۆناغی کۆتایی فیستیڤاڵی دەمینیەن بە دراما لە شار وینیپیگ. هەرچەندە شانۆی کار خۆاتکەی نەبردەوە بەڕام ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو لە بواری گێشتنی نمایشکی کرێکاری بە ئەو پلە باڵایە. شانۆی کار سەرباری ستراکتەری گورپیی و بڕچوونی کەمڵایەتی و قوتابخانە هاوینییەکەی و خە تەرخانکردنی بە شانۆی کانەدی، کێچی شانۆی کاری تەرنتە

پشتنگک بوو بۆ ئالتەرناتیفی شانۆی ئەمۆ(8).

یەکێک لەو کارە بەرچاوانەی شانۆی ئازموونگاری کرێکاران، شانۆنامەی "هەشت پیاو دەدوێن" کە لە نووسینی کۆمیتەیەک بوو لەوانە ئیسکار هایەن، ی،سیسیل سمیس، فرانک لەق، میدرەد گالدبەرگ و تەبی گاردەن دەریهێنا بۆ شانۆ. ئەم شانۆگەرییە لە ساڵی 1933 دا نووسراوە کە دەربارەی پرۆوندە(فایل)ی ئەو پاسوانەیە(کینگستەن پەنیتەنتەری) کە ویستی لیدەری حیزبی کۆمۆنیست(تیم باک) بکوژێت. ئەم شانۆگەرییە دوای ئەوەی لە شاری تەرنتە مۆتێی نمایشی لە سەندرایەو، لە شاری وینیپیگیش پالیس مۆتێی نمایشیکردنی لە سەندنەو و قەدەغە کرا. ئەم دەقە وەک میتا-تێکست لە ساڵی 1934 هاتە نمایشکردن لە ئاهەنگی ئازادکردنی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی. هەروەها "لە چاوەوانی لیفتی"دا بەرهەمکی تری کرێکارییە کالایەن شانۆنامەنووسی ئەمریکی "کلیفەرد ئۆدێتس"ەو نووسراوە. ئەم بەرهەمە باسی کۆمۆ (شوفێر) سایەق تەکسی دەکات کە بۆ نیازن مانگرتن هابگەینن. ئەم شانۆنامەیە شەش دیمەنە و ناوەکۆکی لە واقیعی مانگرتنی سایەق تەکسییەکانی شاری نیویەرکەوە وەرگیراوە کە لە شوباتی ساڵی 1934 مانگرتنکی گەورەیان هاگەیاند، هاتە نمایشکردن.

شایانی باسکردنە ستافی ئەم شانۆنامەیە و بەڕێوەبەرانی هونەری هەموو کرێکارانی بکار بوون. هەروەها شانۆنامەی (Stevedore-کرێکاری بارگۆگری بەندەر) یەکێک بوو لە بەهێزترین شانۆنامە کرێکارییەکان لە دەیەی سییەکانی سەدەی هابردوو. ئەم نمایشە دەربارەی ستەمی هاسیستی پیاوانی سپی پێست بوو دژەڕەق بەو ڕەش پێستانەی کە پێیان دەوترا ڕەوەندی ئەفریقی- ئەمریکی. شایانی ئاماژەیە دەخی جوگرافیا و کلتووری ئەمریکا و کەنەدا بەجۆرێک کە تێکۆشییەکی زۆر بەرچاو دێکەوێت و سەدەها جار بەرهەمە شانۆییەکان لەسنوور پڕۆیۆنتەوە. بۆیە نمایشکی کرێکاری گەرچی لەدایکبووی ئەمریکایە بەڵام لەکەنەدا دەخرێتە سەر شانۆ و بەهونەری کرێکاری کەنەدیش دێتە ئەژمار و پێچەوانەکەشی هاستە. جگە لەمانەش کورتە شانۆگەری "جەنگ لە ئاژەڵەکان"، ناشتنی مردوو ساڵی 1936، ئاسنی قایم ساڵی 1938 لە هەڤکانی " هارت هاوس یان مارگرێت هیتن" نمایشکراون(9). تەبی گاردەن نێک هەر لە شاری تەرەنتە ، بەڵکو لەپێوەندیدا بوو لەگەڵ هونەرمەندانی شانۆی ئازموونگاری کرێکاران لە سەرتاسەری کەنەدا بەتایبەتی لەشارەکانی وینیپیک و مۆنتریاڵ و قانکوڤەر. هەرچی ئالن فایلودە بە کتێب و نووسینەکانی ئاوای لەم

لایەنە داوتەوە. ئالن فایلود لە کتێبی (شانۆی ئیلتزام، شانۆی ئایدیکاڵیزم و دەستدرێژی سیاسی لە کەنەدا)، کە کتێبێکە بەپێی بڕچووەنی میشیە ویدیار خوێندنەوەی مێژووی شانۆی ئایدیکاڵی کەنەدیە(10).

ئەم پرۆفیسۆرەی زانکۆی گیلف کە لێبوارکانی خوێندن و دەرهێنانی شانۆدا وانەی دەوتەوە، چالاکانەش لە بوارکانی مێژووی شانۆی کەنەدی و شانۆی ئایدیکاڵی سیاسی کاری کردووە. ئالن فایلود لە نووسینی (بەسەرمایەداریکردنەوەی شانۆی میللی)دا پێنجە دەخاتە سەر کەمێک گرفت کێشنگە باسکردنیان لەسەر پێویست نەبێت چونکە پێیوەندی بەباسکەی ئەمەوە نیە، بەڵام دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە بورژوازی کەنەدی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە هەوڵی ئەوەدابووە کە بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاری کەنەدی بەلاڕێدا ببات و لە ئامانجە چینایەتییەکانی دوور بخاتەوە. بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی زیاتری چینی سەرمایەداری کەنەدی و پەرش و بڵاوبوونەوەی زیاتری چینی کرێکار، بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران تا دێهات لە ناوەڕۆکی شێوەشگەڵانەی خۆی دوور دەکەوتەوە و هونەرمەندانیش لەژێر ئەو کاریگەرییە هەندە ئایدیۆگەڵیان لەو بزووتنەوەیە پێکهێنا لەوانە گرینی ناوی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاری بە شانۆی میللی. وەک ئالن فایلود دەڵێ " لە گوتاری شانۆی کەنەدی بزووتنەوەکان ناوی جیا جیا وەردەگرن، وردبوونەوەش لەمە ئەوە دەردەخات کە کرداری ناونان لە زەربەی کاتکاندا ستراتیژیەتی ئابڕایەتی ئێکخراویی و ئێکخستنەکانە. (11)

http://dengekan.ca/wp-content/uploads/2016/12/shano_canada3.jpg

وێنەی دیمەنێک لە کاتی نمایشی شانۆگەری هەشت پیاو دەدوێن. ئەم وێنەیە لە ساڵی 1977 گیراوە لەسەر شانۆی ستاندارد لە شاری تۆرنتۆ لە هەرەمی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا.

خەسڵەتەکانی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لە کەنەدا

یەکێک لە ئەو خەسڵەتانەی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەری کرێکاران لە کەنەدا پێی دەناسرێتەوە بریتییە لە یاخیبوون لە سەرجەم نەرمە باوەکانی کۆمەڵگە و لادان لەهەموو ئەو نەریتانەی کە شانۆی کەنەدی شوناسی خۆی لەسەر بنیاد ناوە. هەڵگرانەوە لەشوناسی کۆن یان باو خۆی بە مانای گرانە بەدوای شوناسێکی نوێ کە هەم بونیادێکی نوێ

بەشانە دەبەخشێت و هەمیش دەبێتە مایەی تەکان و بەرەو پێشچوون. هەرچەندە ڕەگەزە هونەرییەکانی شانۆ بەقووڵی ڕەگیان بەناو ترادیسیۆنی کلتووری کۆمەڵگای کۆنەدی ڕەچاتە خوارە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو ڕەگەزانە دوور لە گۆڕان و لە گۆڕانکاری بزووتنەوەی شانۆی کۆنەدی خۆریکی خەریکی بەرهەمهێنانەوە بن. زمانی دەقەکان یان زمانی بەکارهاتوو کە زمانێکی سادەیە و بەئاسانی بینەر تێی دەگات. سادەیی زمان کۆناڵێکی گونجاوە بۆ گەیشتنی پەیام و مەبەستی دەق. بۆ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی ژیانی چینی کرێکاری کۆنەدا و ئاستی خوێندەواریان دەبێ ئەو ماف بدەینێ نووسەری دەق تا بەو زمانە سادەیە مەبەستەکەی دەربڕێت چونکە لەو سەردەمە واتە دەیەی سیەکانی سەدەی بیستەم و بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتوانی کۆنەدا هەشت ملیۆن و سەد و شەست و نۆ هەزار و شەش سەد و بیست و دوو کەس بووە و ڕێژەی نەخوێندەواری 4.3 % بووە(12). ئەم ڕێژەیە بۆ وڵاتێکی وەکو کۆنەدا کەم نەبووە و نووسەرانی شانۆ و ئەدەبی کرێکاری کۆنەدی نیان دەتوانی چاوی خۆیان لە ئاست ئەم واقیعە بنوقێنن. ئەمەش بۆ پەی ئەو بەچوونەی کە دەڵێت داگرتنی ئاستی هونەری نمایشکانێ بۆ ئاستێکی خوارتر، نەخوازراو ڕوتکراوەیە، چونکە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە زمانی دەق دەبێت لە ئاستێکی باڵادا بێت. تایبەتمەندییەکی تر بریتییە لە ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکان کە ڕەنگدانەوەی ژیان و ناڕەزایەتی چینی کرێکارە دژ بە چینی سەرمایەدار. ئەم ناڕەزایەتی و خەباتە بەهەموو جۆرەکانی و لەهەموو ئاستەکانیدا لە دەقەکان و کارە هونەرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. مانگرتن و داستانی پۆلیسی قارەمانی و سەروەرییەکانی کرێکاران دەبوونە هۆکاری بەرهەمی هونەری. کارەکتەرەکان هەر لەناو جۆرگەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵبژێردراون و ئاشنان بە خودی خەڵک. ڕەگەزە هونەرییەکانی تر بەتایبەتی ڕەگەزی شۆڕشگێڕی لەشۆڕشی کار و ژیانی کرێکاران و ڕووداوەکان هەر لەو شۆڕشەدا ڕوو دەدەن. ڕەخنە ئەدەبی و هونەرییەکانیش لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندی چینایەتی هەنگاویان ناوە و کارە هونەرییەکانیان شیکردەتەوە و لێکداوەتەوە. بەڵێ پێیان وابووە باشترین دادوەر بینەران خۆیانن و ئەوە گرنگ بووە کە بینەران یان گوێگران لە کۆی کارە هونەرییەکانەوەن. شانۆی ئەزموونگەری شانۆیەکی یاخییە لە نەرمە باوەکانی کۆمەڵگەو یەکێک لە پایەکانی ئەم شانۆیە پرسیارکردنە لە پێوەندی نێوان نمایشکەران و بینەران و بەرپرسیارەتی نەوانیان و شۆڕشی ڕووداوی شانۆگەرییەکە و ڕەگاجیاوازەکانی حیکایەتخوان و گرنگی و بایەخی حیکایەت و پرسیاری

ئەوەی ئایا کارەکتەر بوونی هەیە؟ ئەم پرسیار و سەراخانەی شانۆی ئەزموونگەری لەمڕۆ لەلایەن شانۆی باوەوە پشتی تێکراوە. سەرباری ئەمانەش شانۆی ئەزموونگەری ڕووی لە هەموو ئایدیالێژیاو بەچوونە جیاوازەکانە. لەم دەخەدا شانۆی ئەزموونگەری کرێکاری ڕووی دەمی لە چینی کرێکار و ئایدیالێژی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بووە.

پێشەوانی بەکارانی شاری ڤانکۆڤەر لەسەر شۆقامی هەیستینگز کاتێ بەردەم هۆڵی شانۆی ئیمپرێس تێدەپەڕن لە حوزەیرانی 1938

شانۆی میللی و پەیوەندی بەشانۆی ئەزموونگەری کرێکارانەوە

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شانۆی کرێکاری تا دەهات لەگەڵ ڕووتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کەنەدی و پارسەنگی هێزە چینایەتییەکان ئاوێش بارەو کەنارگیر نەبێشت)دیارە لە ڕووی تیۆرییەوە)، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە مەیدانی چۆڵ نەکرد. گوتاری ئەو بزووتنەوەیە ئاوگۆڕی بەسەردا هات و شانۆی میللی جێی شانۆی کرێکاری گرتەوە. لە دەیەی سییەکان مەدەرنیزمی شوشیالیستی بەردەوام بوو لە گۆشەکردنی خۆی بە ئیحتیکاک و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کەنەدی کە لە ساڵەکانی دواتردا ئەم دوو بزووتنەوەیە تێکەڵاوی یەکتر بوون. ئەم ئاوگۆڕە دەرئەنجامی ئاوگۆڕێک بوو لە ڕووتی سیاسی کۆمەڵگە و جیهانبینی سیاسی و ئایدیالێژی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان. بەیە دەبینین کاتێ قورسایی بەچوونی حیزبی کۆمۆنیستی کەنەدی لەسەر شۆشی پرۆلیتاریایە، نووسین و خوێقاوە ئەدەبی و هونەرییەکانیش هەمان ڕەنگدانەوەیان هەیە و کاتێکیش حیزبەکان دیدگای سیاسیان دەگۆڕێت و لەبری شۆشی پرۆلیتاریا دیانەوە زەرترین ژمارە لە ئەدیب و هونەرمەند لەناو بازنەی (خەبات لە دژی فاشیزم) کەبکەنەوە، ئەوسا ڕەنگدانەوەی ئەم دیدە پۆپۆلیستییە بە بەرهەمکانەوە دەردەکەون. ئیتر لەو خاڵەوە لەبری جۆغدکردنەوە لەسەر میتەدی کرێکاری لە بواری شانۆ، دەبینین جۆرێکی تر لە شانۆی سیاسی دێتە ئاراوە کە نزیکایەتی زەری لەگەڵ خۆکەدا هەیە. ئەم جۆرە شانۆ سیاسییە بەشانۆی میللی ناوزەدکراوە. شانۆی میللی (Popular theatre) لەوپەڕی پەناسەی سادەی خۆیدا یانی شانۆی خۆک،کە بەتەگەیشتن و زمانی خۆکەوە لە گرفت و چارەسەرکان دەدوێت. ئەم شانۆیە شانۆی خۆکە چونکە پەیوەستە بەهەموو خۆکەوە نەک تەنها گروپێک لە خۆک. هەروەها توانایەکانی خۆی لە خۆکەوە وەردەگرێت و ڕەگ و ڕیشەی

لەناو تراديسيۆنى كۆمەڵگادايە و لەهەمان كاتيشدا دژبە واقيعى و ڕەخنەگر و ئازاد بێت (13). شانۆى ميللى وەك درێژراوەى بزووتنەوەى شانۆى ئەزموونگەرى كرێكاران دەرئەنجامى ئەو ئاوەژووبوونە لە جيهانبينى و تێگەيشتنى سياسى و ئايديۆلۆژى حيزبە سياسييەكان. ئەم تێگەيشتنە لە شانۆ لەسەر كۆمەڵێك بنەما كارى دەكرد كە پوختەكەى بەمجۆرەيە : يەك : ئەمە شانۆ بە كۆمەڵگاكان و هەر لەناو ئەوانيشەوە شانۆ هەڵدەبژێرين. دووەم : بينەران دادوەرمانن. سێ : بەوامان بوو هەيە شانۆ بۆ بينەرى ناو خەڵك نەك ئەوان بهێنينە لاى خۆمان. چوار : دەبە كارەكانمان وابەستەبن بە ڕەشنبيرى ميللييەوە . پێنج : باوەڕمان وايە كارەكانمان لەگەڵ نمايشى شانۆگەرييەكان دەست پێناكەن و تەواو نابن. شەش : باوەڕمان وايە كارەكانمان دەبە بەرزمانى خەڵك بدوێ. حەوت : ئەمە قايلين بوونى بەهێزەوە بەرخورد بە شانۆى ميللى كرێكاران بكەين. هەشت : ئەمە دانى پيا دەنێين كە مەرجەكانى كاركردنمان دەبە لەگەڵ پێويستى كۆمەڵگاكان بگونجێن و ئەمەش دەبە بە نەرمى وەڵامى ئەو گرانە بەدينەوە(14). ئەم پرنسيپانە (بنەمايانە) نەخشەڕێگاى شانۆى ميللين كە شوازێكى سياسيانەى هەيە. لەڕەدا ئەمە ئەوە بەووونى دەبينين كە هەم شانۆى كرێكاران و هەم شانۆى ميللى لەپێوەندييەكى بەهێزدان لەگەڵ بينەر يان جەماوەر، يان وەك پيتەر بروک دەڵێت " شانۆى پێويست يان خوازيار ، ئەو شانۆيەيە كە يەك جياوازى پراكتيكى هەيە لەنێوان ئەكتەر و بينەر، نەك جياوازييەكى بنەڕەتى" (15). هەرچەند پێوەندييەكى ورد لە نێوان شانۆى ميللى و شانۆى ئەزموونگەريدا هەيە بەڵام ناتوانين ئەم دوو جۆرە لەشانۆ لەژێر يەك سەقف و پێناسە و ناودا كۆبكەينەوە.

دواجار

شانۆى ئەزموونگەرى كرێكارى توانى لە دوو ئاستدا كاريگەرييەكانى خۆى بە كۆمەڵگاى كێنەدى نيشان بدات. لەلايەك توانى ئاوەژووبەك لە بنەما و پێكهاتەكانى شانۆ بگۆڕێت ئاراوە بۆتايبەتى لە بوارەكانى شوێن و زمان و جووڵە و ميزاج و ڕەگەزەكانى تر. وە لە لايەكى ترەوە توانى لەبەرگێيەكى زەمانى لەمژووى كرێكارى كێنەدا ڕوونكى بەرچاو و ئاشكرا ببينێت لە بەرجەستەكردنەوەى خەباتى چينايەتى كرێكاران لە دژى سەرمايەدارى و لە هەمان كاتيشدا بەڕەنگى خۆى كاريگەرى هەبێت بەسەر بزووتنەوەى شانۆى كێنەدى، ئەو بزووتنەوەيەى كە لە بەردەم گەلە پرسيارى گەورە گەورەدايە و هەشتا نەيتوانيوە وەڵامێكى گونجاويان بداتەوە.

سەرچاوەکان :

1- The story of union in Canada by Jack Williams 1975 p32

2- The Canadian Labour movement 1902-1960 by Irving Abella Ottawa 1975 p, 5.

3- مێژووی شانۆی کەنەدی نووسینی ئینسکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی http://www.canadiantheatre.com/HistoryofCanadianTheatre

4- لێکۆڵینەوەی شانۆ لە کەنەدا لێبیەن بێتسکی ئەندەرس http://journals.hil.unb.ca/index.php/tric/article/view/7488/8547

5- http://www.uwinnipeg.ca/index/research-2009-rifkind-c

6- جەوان سەنگستەر ..دووبارە ئەزموونکردنی فیمینیزم لە ئەدەبی چەپی کەنەدی ل ٢٢٠

7- شانۆی ئاکشن خوێندنەوە بۆ کتێبی شانۆی چەپ شانۆی کەنەدی لەسیەکانی سەدەی رابردوو – یادەوەری نووسینی شێڵ گرەیس بەوانە سایتی ئەدەبی کەنەدیhttp://canlit.ca/reviews/theatre_of_action

8- شانۆی کار نووسینی تێبینی گەردن رایەن ئانانی شێڵ گرەیس وەرزنامەی ڕەخنەیی ئەدەبی کەنەدی بۆ زانیاری زیاتر بەوانە http://canlit.ca/reviews/theatre_of_action

9- http://www.lib.uoguelph.ca/resources/archival_&_special_collections/collection_update/11/16af

10- میشێل وێبەر یاداشکردنی دووبارە سەرنجدان لە ڕۆگەکانی شانۆی ئەدیکاڵی کەنەدی . بۆ زانیاری زیاتر بروانە http://rabble.ca/books/reviews/2011/11/committing-theatre

11- ناونانی بزووتنەوەکان ..دووبارە بەسەرمایەدارکردنەوەی شانۆی میللی نووسینی ئاڵان فایلودhttp://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf

12- زانیاری زیاتر بروانە ئەم سایتەی خوارەوە یەنیسکۆ ئاماری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێندەوار لەوڵاتانی جیهان.بۆ http://unesdoc.unesco.org/images/0000/000028/002898EB.pdf

13- ناونانی بزووتنەوەکان ..دووبارە بەسەرمایەدارکردنەوەی شانۆی

میللی نووسینی ئان
فایلودhttp://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf
14- ناونی بزووتنەوەکان..دووبارە بەرمایەدارکردنەوەی سانی میللی نووسینی ئان فایلود
http://gzpedmonton.org/media/transfer/doc/naming_the_movement.pdf
15- بەشایی بەتاڵ نووسینی پیتەر بروک سالی ١٩٦٨
http://en.wikipedia.org/wiki/Experimental_theatre

بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ ؟ … ناڵێ حەسەن

بە وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ … ؟) یان (بۆ ناتوانین شیعر پێناسە بکەین …؟) ، هەروەها قسەکردن لە هەڵکارەکان ، وا پێویست دەکات تێگەیشتنێکی ڕوون و دروستمان لەسەر شیعر هەبێت . شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ ، یان قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات . هەڵکارکەش ئەوەیە ، شیعر لە نێو ڕووبەری خەیاڵ دەتە بوون . ڕووبەری خەیاڵیش ، ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە . پرسەی نووسینی شیعر بەم شێوەیە ، شاعیر لەسەرتاوە بیر دەکاتەوە ، دواتر لە نێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە ، دەگاتە ئاستی (ئەندێشە) واتە خەیاڵ .
لەوێوە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە گیان و داهێنانکانی خەی دەکات . یان لە پێکاڵبیرکەیەکی یان خەیاڵێکی شیعریت بە دەت دواتر ، لە ڕێگەی بیرکردنەوە بێنێو خەیاڵکەت قووڵ دەبیەوە و دەست بە گیانکانت دەکەی ، واتە شیعر پێوەندییەکی ئاستوخەی بە بیرکردنەوە و فیکرەوە هەیە . بە مانای ، بیرکردنەوە پردێکە شاعیر بەهەیەوە دەگاتە ڕووبەری ئەندێشە و خەیاڵ . دەتوانین خەیاڵ بە نیشتیمانی شیعر ناوبەرین . ئەو شوێنەی شیعر تیایدا لە دایک دەبێت . شاعیر لە نێو خەیاڵدا بەهای مرۆڤایەتی و بەهای بوون و بەهای جوانیەکان و خوێنکان دەنووسێتەوە . لە نێو

خۆن و نەنیێکانی بوون ، نەنیێکانی ژیان و گەردوون کەشف دەکات و قسەیان لەسەر دەکات . گومان و پرسیارەکان دەهێنتە بوون ، دەچێتە نێو جەنگی دەروونیێکان و شێوە لۆگۆ بیرۆ دواکەوتووەکانی نێو کلتوورە تەقلیدیێکان دەکات ، ئەوانەی دژیانووەت سنوورێک بۆ ئازادی ژیان و تەنانەت سنوور بۆ جوانی و خۆن و بیرکردنەوەکانیش دابنێن . تاکە چەکەکیش بۆ دەستی شاعیرەوە بۆ ئێم جەنگە ، فیکر و زمان و مەعریفەیە . چونکە شیعر لە بنەڕەتەوە بۆ هەی بیرکردنەوە دەتە بوون ، واتە فیکر و مەعریفە سەرچاوەی بوون و پێکهاتەی شیعرن . بیرکردنەوەش سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤ ، تەنانەت لە نێو هووبەری خەیاڵیش فیکر لە لۆگۆی زمانەوە بەردەوام کاری خۆی دەکات ، وەک سەرچاوەکی جوولێنەر یان بزوێنەر بۆ بنیاد و پێکهاتەی دەق . ئەگەر زمان بۆ دیوە بنەڕەتییەکەی ، هەکارێک بێت بۆ تێگەیشتن یان سیستەمێکی هێزمانی یان سیستەمێکی ئاماژەیی بێت ، یان هەر مانایێکیتری هەبێت . بەڵام ، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ ، بەرهەمی بیر و مەعریفەی مرۆڤ . لە هەمانکاتیش ، پێکهاتەیێکی بنچینەییە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری . یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی زمان بەرهەمهێنانی جوانییە لە نێو هووبەری دەقدا .
شاعیر لە لۆگۆی زمانەوە دەتوانێ قسە لەسەر بابەتەکان بکات یان ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە و کار لەسەر ئارەزووەکان و غەریزەکانی خۆی بکات ، پەیوەندییەکانی لۆگۆ خەیاڵی و لۆگۆ دەرەوەی خۆی هێسم بکات . هەروەها بیرۆڕییەکان و ئابردووی خۆی بنووسێتەوە . تەنانەت ، خۆن و پێشبینییەکانیش . شیعر لە هووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات ، هیچ سنوور و بەربەستێک ناتوانێت بەر بە هەزی خەیاڵ بگرێت . ناتوانین هیچ سنوورێک و بازنەیێک بۆ دەوری خەیاڵ بکێشین ، یان خەیاڵ لە چوارچێوەیێکی دیاریکراو بەند بکەین . شیعریش زادەی و بەرهەمی ئێم هووبەرە بۆ سنوور و فراوانییە . ئەگەر بەڵێن ، ئایا شیعر نووسینەوەی ئابردوو و بیرۆڕییەکانی شاعیرە ...؟ یان ئایا شیعر نووسینەوەی خۆنەکان و غەریزە و ئارەزووەکانی شاعیرە ...؟ ئایا شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە ...؟ ئایا شیعر گیانە بۆ دوای حەقیقەتی جوانی ...؟ ئەمانە و دەیان پرسیاریتر ...! هەنگاو بۆ هەر یەکێک لەم پرسیارانە وەڵامەکە (بەڵێ) بێت . بەڵام ، هیچ کام لەم وەڵام و (بەڵێ) یانە بۆ (تەنها) ، ناتوانن مانایەکی دروست و گشتگیر بۆ شیعر بدەن بۆ دەستەوە . دەتوانین بڵێین (لە یەککاتدا / شیعر هیچ کام لەم وەڵامانە نییە لە هەمانکاتیش هەر هەموویانە ...!) .
بۆ مانایەکیتر ، دەتوانین بڵێین (کەی هەموو ئێم وەڵامانە هەنگاو

مانایەک بە شیعر بدەن بە دەستەوە یان نزیکمان بکەنەوە لە مانای شیعر …!) . بۆ مانایەی وەک گوتمان ، شیعر لە هەوبەرەکی هەندە فراوان ئیش دەکات ناتوانین تەنها لە گۆشەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین . یان لە یەک دیودا بیبینین . بۆیە هەر کەسەو بە پێی تێگەیشتن ، ئاستی وشیاری و مەعریفە و بینین و بە پێی باری دەروونی خۆی خوێندنەوە بۆ شیعر دەکات و قسەی لەسەر دەکات . هەموو ئەم قسە و گۆشەنیگا جیاوازانەش مانایەک نین بۆ شیعر ، چونکە شیعر بوونەکی چەسپاو و نەگۆی نییە ، لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکیتر ، لە زەمەنەکەوە بۆ زەمەنەکیتر گۆشەنیگا و قسە و خوێندنەوەی جودا لە خە دەگرێت ، یان لە کەسەکەوە بۆ کەسەکی تر تەنانەت ، لە خودی کەسەکەوە بەپام لە کاتەکەوە بۆ کاتەکی تر ، تەوانییان بۆ شیعر دەگۆڕێت ، یان بۆ پێی هەست و باری دەروونی ئەوکاتەی قسە لەسەر شیعر دەکات .

بۆ بۆای من / ئەم قسەکردنانەش لەسەر شیعر لە چرکەساتەکی دیاریکراو ، ئەوە مانایەک نین بۆ شیعر بەگشتی ئەوە ، دەربڕینی هەست و باری دەروونی ئەوکەسەیە بەرامبەر بە شیعر بەمانای ، کەسەکە لەو کاتەدا باس لە هەستی خۆی یان باس لە باری دەروونی خۆی دەکات لە پێوەند بە شیعرەوە . کەسەکان سەر بە هەر زمان و کەلتوور و نیشتیمان و ڕەگەزێک بن ، شیعر هەر بە شێوەی ناچەسپاو و ناجێگیریەە دەبیندرێ و دەخوێندرێتەوە . چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بوونەکی گەردووونی هەیە . بە هەشتنەوەی شیعر لەم ئاستە فروانییە ، زەرەک لە شاعیران مانای شیعرییان هاوتا کرد بە مانای ژیان . واتە شیعر تەریبە لەگەڵ ژیان . هەرچەندە شاعیر وەک مرۆڤک / ئازادی و مافی ئەوەی هەیە لە ژیان دوور بکەوێتەوە و بچێتە دەرەوەی ژیان ، بەپام شیعر / بە هەمیشە لە نەو ژیان دایە و هەر لە نەو ژیان دەمێنێتەوە . بەمانایەک ، ژیان لە کوە بێت شیعریش لەوێدا دەبێت . شاعیر دەتوانێ بەدەنگی هەڵبژێرێت و بە بەدەنگی قسەکانی خۆی بکات بەپام ، شیعر ناتوانێ بەرامبەر هەموو ئە شتانە بەدەنگ بێت کە ژیان ناشیرین دەکەن . بە مانایەکیتر / شیعر فەرمکی بەدەنگ نییە ..! بەپام ، لەرەدا ئیشکالییەتکی تر دێتە پێشەوە ، ئەویش ئەوەیە / گەر شیعر هەندە نزیک و تەریب بێت بە ژیان ، دەتوانین بپرسین ، ئەی ژیان مانای چییە … ؟! ئایا ژیان مانای لە دایکبوون و هەناسەدانە ؟ ئایا ژیان مانای عەشق و خۆشەویستی و پێکەوەییە ؟ ئایا ژیان مانای مردنە …؟ لەرەدا ژیانیش وەکو شیعر چەمککی گەردووونی و بوونەکی گەردووونی هەیە . دەقی شیعری لە بنەڕەتدا هەوبەرەکی نادیار و تاریک دەردەکەوێت ، وەکچۆن مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و پڕاوپڕ لە نهێنی شیعریش بەهەمانشێوە . مانگشەوی دەقی

شیعری لە ڕووگەی خوێندنەوەی بەردەوام و قووڵبوونەوە دەردەکەوێت ، بە خوێندنەوەی جیاواز و بەردەوام ، دەقێک بە گشتی و ئەو ڕووبەرە تاریکەی پشتی ئاماژەکان و کۆدەکانیش بە تایبەتی ، ڕوونتر دەردەکەون . لەڕەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین و مەبەستەکانمان لەو چەند خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە .
١ / هەموو ئەم چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە وەک (شیعر ، عەشق ، مۆسیقا ، ژیان …) پێناسە ناکرێن ، چونکە ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیانبینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین .

٢/ هەموو ئەم چەمکانەی لە ڕووبەری ئەندێشە واتە خەیاڵ لە دایک دەبن (بەتایبەت شیعر) ، پێناسە ناکرێن ، چونکە خەیاڵ بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێ و هەمیشە بە جۆرێکی تر دەردەکەوێت .

٣/ هەموو ئەم چەمکانەی لە سەر جوانی ئیش دەکەن یان جوانی بەشێکە لە بنیاد و پێکهاتەیان ، یان ئامانجییان بەرهەمهێنانی جوانییە ، یان لە ڕووگەی جوانییەوە لێزمت بە مرۆڤ دەبەخشن ، وەک (شیعر مۆسیقا ، تابلۆ ، سروشت) پێناسە ناکرێن . چونکە جوانی خەی بوونێکی ڕەهایی هەیە ، ناتواندرێ بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕەها ببیندرێ .

٤/ شیعر وەک مرۆڤ چەمکێکی ئاڵۆزە واتە ، بوونێکی نادیار و شێواوی هەیە و پڕاوپڕە لە نهێنی ، نهێنیەکان و دیوە شاراوەکانیش کۆتاییان نایە و هەوڵەکانیش لە شیعردا هەرگیز ناگەنە خاڵی کۆتایی ، قۆناغێکی زمان لە ئاماژە و کۆدەکان چە دەبێتەوە . ئاماژە و کۆدەکانیش بوونێکی ئایرەنییان هەیە ، بە داخراوی و ونبوون و ڕەنگی جیاواز دەردەکەون ، بۆیە هەمیشە پێویستییان بە کرانەوە و خوێندنەوەی نوێ هەیە .

نیسانی ٢٠١٦

شیعری شێشگەیانە و پەرجووی

هەمیشە زیندووبوون ... عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ)

لەوتەی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە پەیدا بووە لەگەڵ سروشت لەلایەک و یاسا و هێزا کۆمەڵایەتیی و ژیارییەکان لە لایەکی تر لە ململانێ و زۆرانبازیدا بووە، هەوێشی داوە بە هێگای جیاواز ئەو ململانێی و زۆرانبازییانە وێنا بکات و بەچوونی خۆی لەسەریان بیان بکات. یەکێک لە سیفەتە هەرە بەرچاوەکانی مرۆڤ ئارەزوو بووە بە گەڕانکاری و پێشکەوتن، هەتکردنەوەی کێن و هەنانە کایەوەی نوە بووە لە جێگایاندا. هەرچەندە مرۆج نییە هەموو ئاوگەڕکان لە بەرژەوەندی مرۆقدا تەواو بووبێتن، بەڵام ئاوگەڕە هاديکاڵەکانی نەو کۆمەڵگە جێگایەکی بەرز و شیاویان لە پانتایی ویست و ئارەزووەکانی مرۆقدا هەبووە و هەیە کە لە پەداویستی ژیانەوە سەریان هەداوە یان سەر هەدەدەن. مرۆڤ و دەروروبەری خەسەتی گەڕاویان هەیە و بەپێی یاسا گەلێکی تایبەت دەگەڕین و گۆشە دەکەن و دواتریش لەنەو دەچن یان جێگا بە شتگەلی تر چێ دەکەن. مرۆڤ هەر زوو لە هێگای گەرانی و سەما و هونەری نیگارکێشان و ئینجا شیعرەوە گوزارشتی لە خەون و ئارەزووەکانی خۆی کردووە.

واتا پەیوەندی نەوان مرۆڤ و شیعر پەیوەندییەکی لەمەژینەیە. مرۆڤ شیعری کردە ئامرازێک بە گوزارشتکردن لە بیروبۆچوون و وێناکردنی ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە. ئەم جۆرە شیعرە، شیعری خەڵک و پەیوەست بە ژیانی خەڵک، شیعرێک بووە لەگەڵ ویست و حەز و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ بە گەڕانکاری ژیاوە و هەناسەی داوە. لە هەر شوێنێک ئەم شیعرە گوزارشتی کردبێ لە ئاوگەڕەی هاديکاڵانەی کۆمەڵگە، ئەوا شیعرێکی شەڕشگێڕانە بووە و لە ویژدانی مرۆقایەتیدا ماوەتەوە. شیعری شەڕشگێڕانە شیعری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە خوازیاری ئاوگەڕەی شەڕشگێڕانەیە لە کۆمەڵدا.
ئەم جۆرە لە شیعر هەمیشە لە یاخیبووەن و شەڕشکاندا گەشەی کردووە و بەرەو پێشچووە. "بەپێی تەوانینی مارکسیستەکان تەنانەت ئەدەب لەخودی خۆیدا دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتییە کە ئەرکی تایبەتی ئایدیۆلۆژی بەپێی باکگراوندنی ئایدیۆلۆژی نووسەر لەسەر شانە".(١) لەرەو هیچ مرۆڤێک نییە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەر بە ئایدیۆلۆژی یان لۆژیکی سیاسی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتیدا نەبێت. تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە دەژین ئەمە هەموو ئایدیۆلۆژییەک ڕەت دەکەنەوە،

لە ئاستیدا هەڵگری جۆرێک لە ئایدیاڵیزین. ئەجین پێتیە و هانریش هاینە و ئۆراگۆن کرێ و پاپلۆ نیرۆدا و پرتەقاڵ برێخت و نازم حیکمەت و خوسێ ڤاوی گوتسۆورخی و مەزهەر نەواب و ئەحمەد موتەر و حەبیب جالب و ڤلادیمیر مایاکۆفسکی و نەرمسن پێریی و لەنگستن هیوز وفریدریک گارسیا لۆرکا و جۆ هیل و نیکۆلا ڤاپتزارێڤ و کێنس فیرینگ و ئدوین ڕۆف و هەراس گریگۆری و مایک گۆڵد و تاد، بەشکن لەو تێڕوانینە بەرفراوانەی ئەدیبان و شاعیرانی شۆڕشگێڕ کە بە شیعرەکانیان بەشداریان لە خەباتی چینایەتی دژ بە ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتیی سەر سەرجەم کۆمەڵگەی ئینسانیی کردووە. خەمی ئەم شاعیرانە خەمی ئینسان بوو. دیارە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریش تەنها چینی کرێکارە کە خەمی سەرجەم مرۆڤایەتی هەیە.

ئەم شاعیرانە و زۆرێتر گرووپێکیان لەوەدا بردەتەوە کە ئازادی و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە ناوەکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بوو. ئەمە ئەو شوناسەیە کە جیایان دەکاتەوە لە ئەقیانووسێک لە نووسەر و شاعیرانی تر لە کۆمەڵگەی ئینسانی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لەژێر ناوی نەتەوە و ئایین و نەژاد و نیشتمانپەروەری و هتد، بەرگری لە ستەم و پاپشتی لە چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان دەکەن. شیعری شۆڕشگێڕانە بە ئاسۆ و ئامانجێکی خەباتکارانەوە لەگەڵ خوێنەردا لە پرسیەکدا لەکەڵدەپەکرێن. پرسیەک کە نووسەر و دەق دەیانەوێ ئاستەی بیرکردنەوەی خوێنەر لە مرۆڤێکی سادە و تەمەڵ لە بیرکردنەوە بگۆڕن بە خوێنەرێکی چالاک لە بیرکردنەوە. ئەمەش بە سیاسیکردنی خوێنەرە و هەنانە دەرەوەی تێفێک لە خوێنەری بیر ڕووناکی لە هەلومەرج حاڵیبوو، کە خواستی ئاوگۆی شۆڕشگێڕانە یەکێکە لە خواستە هەرە دەستبەجێکانی. ئەم سیاسیبوونەی خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە زۆر جیاوازە لە کۆمیدیای سیاسیبوونی تاکی کۆمەڵگە لەڕێگەی حیزبە بورژوا ڕۆشنگەرەکان. شۆڕشگێڕبوون و شوناسی ئایدیۆلۆجیبوونی دەقی ئەدەبیی پێویستە بە ئینتمای چینایەتییەوە.. بورژوازی بەپێی گۆشەی مرۆڤ ئۆگەر لە دەورانی خەبات دژ بە پایەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی فیودالی شۆڕشگێڕ بووبێ، ئەوا ئیتر ئەمە هیچ شۆڕشگێڕیەتێکی نێک هەر نییە بگرێ تا سەر ئەسقانیش کۆنەپەرستە. ئەو چینەی (چینی کرێکار) کە بەرژەوەندی لە ئاوگۆ و گەردانی پایەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستی بورژوازی هەیە شۆڕشگێڕ و ئەدەبی ئەو چینەش ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانەیە.

بەمجۆرە شیعری شۆشگۆرانە شیعری ئەو لەشکرە لە بەرهەمهێنرانە کە چۆرخی کارگەکان دەسوڕێنن. شیعری شۆشگۆانە شیعری کرێکارییە، شیعری جیهەتگیریی کرێکارییە. بەڵام مەرج نییە نووسەری شیعری کرێکاریی خەڵکی کرێکار بێت. چونکە دەشێ کرێکارێک شاعیر بێت و هۆگری ئایدیۆلۆجی بورژوازی بێت. لەکاتێکدا دوور نییە نووسەری دەقێک کرێکار نەبێت بەڵام پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بێت. بەگدانەق دەڵێ " شاعیر لەوانەیە بەپێی مەوقیعیەتی چینایەتی خۆی سەر بە چینی کرێکار نەبێ، بەڵام ئەگەر بە قووڵی ئاشنایەتی کەی ژیانی پرۆلیتاریا بێ، ئەگەر لەڕاستیدا و بە دەسزی بەو جۆرە بیر بکاتەوە، بەواتایەکی تر ئەگەر ڕۆحی خۆی ئاوێتەی ژیان و خەباتی پرۆلیتاریا بکات ئەوکات دەتوانێ دەربڕینکی هونەریی پشکەش بە پرۆلیتاریا بکات و ڕەنگە ببێتە ڕێکخەری هەز و نەستی شەوەی شیعرییی خۆی." (٢) بەڵێ یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی ئەوەیە کە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و تا چ ئەندازەیەک پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لە دژی سەرمایەداران. شیعری شۆشگۆانە گەڵێ پەودانگی جیاجیای هەیە و هەر چین و توێژێک بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی ڕاڤە و پێناسەی دەکا.
چونکە چین و توێژەکان هەموویان خەیان بە شۆشگەر و لایەنگری ئاوۆگۆ دەزانن. بەڵام لە ڕاستای ئەم نووسینە و لە ڕوانینی ململانێی چینایەتییەوە مەبەست لە ئەدەبی شۆشگۆانە، ئەدەبی چینی بنیادنەری کۆمەگەیە،واتە چینی کرێکار. واتە تەنها و تەنها ئەدەبی چینی کرێکار ئەدەبێکی شۆشگۆانەیە. ئەدەبی چینی کرێکاریش وەک شەری لینکۆن ئاماژەی پێدەدا "گۆانەوەی ئەو چیرۆکانەیە کە گوزارشتن لە ژیانی واقیعی چینی کرێکار دەکەن."(٣). بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هەمیشە لە هەناوی ڕووداوەکان و ململانێی چینەکاندا گەڵێ توێژی کۆمەڵایەتی تر دێنە مەیدان و بە ئەدەب گوزارشت لە بیروبۆچوون و خەونەکانیان دەکەن. لەم نموونەشدا، بەرهەمی ئەدەبیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەچەشنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن و پیاو و بزووتنەوەی ڕەتکردنەوەی ئایین و بزووتنەوەی دژی ئاپارتاید و بزووتنەوەی دژی ڕاسیزم و بزووتنەوەی دژی کاری منداڵان و بزووتنەوەی مافی پەنابەران و تاد، پشکی شێریان بەردەکەوێ و دەکەونە بەر سەبڕی ئەو پێناسەیەی کە ئەدەبی شۆشگۆانە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

ڕاپەرین و شۆڕشەکانی جیهان هەر لە ڕاپەڕینی کێلەکان بە ڕابەری سپارتاکەس و شۆڕشی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی مەزنی

ئۆکتۆبەر، بوونە زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی شیعری شۆڕشگێڕانە و بەتایبەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە کاریگەرییەکی بە جۆرێک بوو کە ئەدەبی جیهانیی کرد بە دوو لەتەوە. بە گوزارشتێکی تر، وای کرد هەموو جیهان لەسەر بنچینەی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی و ئەدەبی بورژوازی هەڵوەستی گیریی بکەن.(٤)

